# کاتێک هەڵبژاردن تەلقینی دیموکراتی دادەدات



# هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق دەستوور دەکاتە بازنەیەک بۆ دامەزراندنی سیستمی ویلایەتی فەقیه



کتێبی (چۆن دیموکراتییەکان دەمرن؟. How Democracies Die?)، هەردوو پرۆفیسۆر (ستیڤن لڤسنکی و دانیاڵ زیبلاڵت) نووسیویانە کە ئوستادی دیراسەتی حکومەتن لە زانکۆی هارڤارد، ستیڤن تایبەتمەندە لەسەر دیموکراتییەکانی ئەمریکای لاتین و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، دانیاڵ-یش تایبەتمەندە لەسەر دیموکراتییەکانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تائێستا. ئیلهامی ئەم کتێبە وەك خۆیان لە پەنێڵێك بۆ پێشکەشکردنی کتێبەکەیان باسی دەکەن، لە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ و شێوازی حوکمڕانییەکەی لە ٢٠١٧ سەرچاوەی گرتووە. کەواتە نووسەرانی ئەم کتێبە پێمان دەڵێن: چۆن هەڵبژاردن ئامرازێك بووە بۆ دامەزراندن و بونیادی دیموکراتی، ئەوا ئێستا لە ئەمریکای خاوەنی شۆڕشی (نوێنەرایەتی بەبێ باجدان بوونی نییە) و دامەزرێنەری یەکەمین (حکومەتی مەدەنیی راستەقینە، بەپێی پێناسەکەی جۆن لۆك)، جارێکی دیکە هەر هەڵبژاردن زەنگی مردنی دیموکراتی لێدەدات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئاراستەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی هەواڵی مردنی دیموکراتی بە جیهان رادەگەیەنێت، تەنیا بەرەنجامی توێژینەوەو بیرکردنەوەی هەردوو پرۆفیسۆرەکەی هارڤارد ( ستیڤن لڤسنکی و دانیاڵ زیبلات)ـە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، ئەمەش نەك هەر تەنیا لە ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوەی سیاسی، بەڵکو لە کۆڕ و کۆڕبەندە جیهانییەکانی هاوشێوەی (کۆڕبەندی داڤوس و کۆنفرانسی میونشن) بۆتە بابەتی سەرەکیی پەنێڵەکانیان، لەمەش زیاتر تەنگژەکە هەر ئەوەندە نییە کە باس لە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر سیستمە دیموکراتییەکان بکرێت، بەڵکو بە راشکاوی و بە ئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەو بەدیلەی وەك مۆدێلێکی دیکە سیستمی حوکمڕانی لە بەرامبەر سیستمی حوکمڕانیی لیبڕاڵی خۆی نمایش دەکات، لەسەر ئاستی جیهان لە سیستمی حوکمڕانیی (لیبڕاڵ دیموکراتی) سەرنجڕاکێشترە، بەڵام پرسیاری سەرنجڕاکێشتر لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە: ئایا ئەمانە تەنیا پێشبینی و بۆچوونن، یان مەترسییەکە گەیشتۆتە ئەوەی خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەردوو بیرمەندی ئەمریکی (فرانسیس فۆکۆیاما و چارلس مورای) لە پەنێڵێکی ئامۆژگای هۆڤەر لە زانکۆی ستانفۆرد دەیدەنەوە، کە لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٨ بە ناونیشانی (نادادپەروەری و پۆپۆلیزم) بۆیان سازدرابوو. فۆکۆیاما راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی ١٠ساڵی رابردوودا گۆڕانکاری گەورە لە رۆژئاوای دیموکراتی هاتۆتەئاراوە کە (سیاسەتی ناسنامە - Identity Policy) جێگەی سیاسەتی ئابووری گرتۆتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پێشتر دیموکراتیەتی رۆژئاوا لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەکانی خۆی پێشکەشی جیهان بکردایە، ئەوا ئێستا لەسەر بنەمای ناسنامە و کەلتووری رۆژئاوایی خۆی نمایش دەکات، ئەمەش جۆرێك لە راسیزمی بەرهەم هێناوە، لەمەش خراپتر وەك فۆکۆیاما ئاماژەی پێدەکات، دۆناڵد ترەمپ لەماوەی یەك ساڵی سەرۆکایەتییەکەیدا بە جۆرێك سیاسەتی پیادە کردووە کە ببێتە کارێزمایەکی گەورەی ئەوتۆ کە هیچ بەهایەك بۆ میدیا و دامەزراوەکانی دیکەی ئەمریکا دانەنێت. هەروەها ستافی سەرەکیی ئیدارەکەی ترەمپ، وەك ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوە بە ئاشکرا بە جیهانی راگەیاندووە، (چیتر ئەمریکا زیان لە بەرژەوەندییەکانی خۆی نادات لە پێناوی پاراستنی بەهاکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ)، هەروەها ماکماستەری راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، راشکاوانە بە جیهانی گوتووە: پابەندبوون بە بنەماکانی ئەو سیستمە لیبڕاڵ دیموکراتییەی کە ئەمریکا بەخۆی لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی دروستی کردووە، چیدیکە بۆ ئیدارەی ئەمریکا لە ٢٠١٧ ناشێت).

ختنەڕووی ئەم باکگراوەندە لەسەر واقیعی پاشەکشەو لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی دیموکراتی لە ئێستای جیهاندا، بۆ ئێمەی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان هەواڵێکی باش نییە و

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو لایەنە نیشتمانپەروەرانەش کە دوای هەڵبژاردنەکان لەگەڵ لیستی پارتی بۆ نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانی دەکەن، هێندەی ئامانجیان ئەوەیە نوێنەرایەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بە چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان بکەن، هێندە ئامانجیان ئەوە نییە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چەند پۆستێک وەربگرن**

**دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و دیموکراتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەک هەر تەنیا خواستی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵکو بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و لە دیکتاتۆریەت ڕزگاری ببێت**

ئەوەمان پێدەڵێت، کە چیدیکە ئەمریکا لەسەر بنەماکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراتی هەوڵی گۆڕینی ڕژێمە سیۆکرات و دیکتاتۆرەکان نادات. بێگومان ئەم هەڵوێستە تازەیەی ئەمریکا کاریگەری لە تواناو ئیرادەی یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ناتۆش دەبێت، ئەوانیش ناتوانن خۆیان بخەنە ژێر ئەم پابەندبوونە قورسەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی وەك سووریای بەشار ئەسەد و ئۆتۆکراتییەکانی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران و تەنانەت تاڵیبانیش لە ژێر مەترسیی لەناوبردن هاتوونەتە دەرەوە، ئەگەر خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بگونجێنن، ئەوا لەسەر ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و پیادەکردنی دیموکراتی هیچ هەڕەشەیەك ڕووبەڕوویان نابێتەوە.

ئەوجا ئەگەر لەم پەنجەرەیەوە سەیری ڕەوتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتووی عێراق بکەین کە لە ئێستاوە لەناو کۆمەڵگەی شیعەی عێراقدا گەرم بووە، ئەوا بە ئاشکرا ئەو دیاردەیە دەخوێنینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ ترس دەتوانێت سپۆنسەری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات و بە مۆدێلی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاکامەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکی دەستووری عێراق بکرێت، لە ناو بازنەی ئەو دەستوورە و لە ژێر تایتڵی (دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی و فیدڕاڵی)، کۆماری ئیسلامیی عێراق وەك کۆپیکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران رادەگەیەنێت.

لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی و گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەمریکا، یان دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، ڕێگەدەدەن کە سیستمی دەوڵەتی عێراق بگۆڕێت بۆ سیستمێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە کە وڵاتانی دەوروبەری عێراق هەڵوێستی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لەسەر هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بخوێننەوە، ڕووداوەکانی وڵاتانی دەوروبەریش بەتایبەتی (سووریا و تورکیا و ئێران) ئەوەمان پێدەڵێن:

١- ئیدارەی ترەمپ بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە پڕۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت (بونیادنەوەی دەوڵەت لەسەر سیستمی دیموکراتی) بە هاوشێوەی پلانی مارشاڵ بۆ ئەوروپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی و ئەفغانستان و عێراقی سەردەمی جۆرج دەبلیوو بوش، بەشێك نابێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمەش واتە بۆ ئەمریکا گرنگ نییە سیستمی حوکمڕانی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق دیموکراتی و فیدڕاڵی بێت، یان کۆماری ئیسلامیی عێراق بێت .

٢- ڕووسیا بە هەموو شێوەیەك دژی گۆڕینی هەر ڕژێمێکە لە ژێر ناوی بونیادی دیموکراتی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ ئەوەی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد نەبێتە مۆدێلێك بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا هاتە ناو شەڕی سووریا و شەڕەکەشی بۆ بەرژەوەندی بەشار ئەسەد شکاندەوە و ناتۆ و ئەمریکاش لە شەڕی سووریادا ڕۆڵیان بوو بە لاوەکی.

٣- سەبارەت بە ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، بەبێ (ئەمریکا)، دیارە وەك لە ڕاپۆرتی چوارەمی کۆنگرەی ٥٤ی میونشن ئاماژەی پێکراوە، هەموو ناتۆ بە (یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاشەوە) لەبەرامبەر ڕووسیا تەنیا لە هێزی ئاسمانیدا باڵادەستترن، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی هێز لەسەر زەوی و تۆپ و تۆپخانە، ڕووسیا لە تەواوی ناتۆ لەناو ئەوروپادا باڵادەستترە، هەربۆیە ئەگەر ناتۆ بە ئەمریکاشەوە نەیانتوانیبێت لەبەرامبەر ڕووسیا، ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنن، یان تەنانەت مەرجەکانی خۆیان لە کۆنگرەکانی ژنێف بچەسپێنن، ئەوا لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوادا کە ئەمریکا سیاسەتێکی دیکە پیادە دەکات، ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا ناچار دەبن کە بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بکەن.

٤- ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، هەر لەئێستاوە هەڵوێستیان بەرامبەر عێراقی دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتوو ئاشکرایە، ئەوان دەزانن کە دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق ناتوانن ئەم دەستوورەی ئێستای عێراق بگۆڕن و دەستوورێکی تازە بۆ کۆماری ئیسلامیی

**هەرێمی کوردستان وەک لیستێکی یەکگرتووی بەهێز بەشداری ئەم هەڵبژاردنانە ناکات و حزبە سیاسییەکان هەریەکەیان بە لیستی جیاواز بەشداری دەکەن، ئەمەش زیانێکی زۆر لە پێگەی کوردستان و ژمارەی کورسییەکانی دەدات. بەڵام لەلایەکی دیکەش سەنگ و پێگەی ئەو لایەنە سیاسییەش لە پڕۆسەی سیاسیی عێراق بەدیار دەخات، کە ئێستا شانی داوەتە بەر ئەم بارودۆخە قورسە و بەرگری لەمانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات**

**ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان باوەڕی بەوە بوایە کە بە هەڵبژاردن، یان بە ڕێگە چارەی ئاشتییانە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەکرێن و عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدڕاڵی، ئەوا هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی ئەنجام نەدەدا**

**ئەو شێوازە تازەیەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق پیشانی جیهانی دەدات، شێوازێکە بۆ کوشتن، یان مردنی دیموکراتی لە عێراق و گۆڕینی سیمای حکومەتێکی مەدەنییە بۆ حکومەتێکی سیۆکراسی. هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیش ئەم راستییەیان نەشاردۆتەوە**

**چۆن کۆماری چینی میللی سیستمی کۆمۆنیستی پیادە دەکات و پەیوەندی بە دیموکراتییەوە نییە، بەهەمان شێوە ئێرانیش سیستمی ویلایەتی فەقیھ پیادە دەکات و پەیوەندی بە دیموکراتییەوە نییە**

**لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هیچ کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ساڵی ٢٠١٨ پێگەی بەهێز نەبووە و هیچ کاتێکیش بە درێژای ٤٠ ساڵی رابردوو، تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، هێندە پێگەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز نەبووە**

عێراق بە هاوشێوەی ئێران بنووسنەوە، بەڵام دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە و لە ژێر تاتیلّی (عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی) لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقدا، کۆماری ئیسلامیی عێراق بونیاد بنێن. بۆیە ئەگەر سەیری رووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بکەین، هەڵوێستی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە کێشەکانیان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا یەکلایی بکەنەوە، ئامانجی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا بە جەختکردنەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە چوارچێوەی دەستووردا ئەوەیە کە رێگە نەدەن هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك و ملکەچی ئەو سیستەمە سیاسییە تازەیەی عێراق نەبێت کە هەڵبژاردنی ئایاری داهاتوو بەرهەمی دەهێنێت. هەربۆیە ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا، پشتگیری لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان وەك رۆژئاوا جێ پێیەکیان لە عێراقدا بمێنێت و بەغداش نەتوانێت وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران رەفتار بکات.


کەواتە ئەم خوێندنەوەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە سیاسەتی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و بونیادنانی دەوڵەتی دیموکراتی، چیدیکە بەشێك نییە لە سیاسەتی ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا و ناتۆش خۆیان ناخنە ژێر ئەم پابەندبوونە قورسەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە عەرەبی شیعەی عێراق ئازادن لەوەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتوو سیستەمی حوکمڕانیی عێراق بە کردەیی بگۆڕن بۆ سیستەمی ویلایەتی فەقیھ بە مەرجێك (دەستووری عێراق نەگۆڕن و کێشەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەستوورە چارەسەر بکەن.) ئەوا ئەو کات دەتوانن چۆنیان دەوێت بەو جۆرە بەندەکانی دەستوورەکە بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق تەفسیر بکەن و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش جەخت لەکوردستان دەکەنەوە کە گرنگە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا بەشداری بکەن.

### • پرۆسەی هەڵبژاردن و چەمکی دیموکراتی لای عەرەبی شیعەی عێراق چی دەگەیەنێت؟

عەبدولکەریم سرووش بیرمەندی گەورەی ئێرانی لە پەنێڵێکدا کە بۆ پێشکەشکردنی کتێبەکەی (ئەقڵ و ئازادی و دیموکراسی لە ئیسلامدا) بۆی سازکرابوو، لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە لەلایەن زانکۆی هارڤاردەوە داوای لێکراوە، کۆرسێکی خوێندن سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان (ئیسلام و دیموکراسی) بۆ قوتابیانی ئەو زانکۆیە بڵێتەوە، سرووش دەڵێت: بە بەرپرسانی زانکۆی هارڤاردم گوت: پرسەکە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و دیموکراسی نییە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان (ئایین و دیموکراسییە) و هیچ ئایینێك لەگەڵ دیموکراسی یەك ناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زمانی ئایین، زمانی پابەندبوون (التزام)ـە، بەڵام زمانی دیموکراسی، زمانی (مافە)، ئەم دوو زمانەش ناتوانن پێکەوە دیالۆگ بکەن، یان لێکتێگەیشتن لەنێویاندا دروست بکەن.

ئەم بیرکردنەوە وردەی (سرووش) بۆ هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانی دیکەش راستە، لەپێش هەموویانەوە بۆ هەردوو دەوڵەتی (ئیسرائیل و ڤاتیکان) لەبەر ئەوەی هیچکام لەم دوو دەوڵەتە بە زمانی دیموکراتی کە (مافە) قسە ناکەن، هەروەها جوانترین وشە کە بنیامین نەتانیاهو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەکاتی قسەکردندا بە شانازییەوە دەریدەبڕێت، ئەوەیە کە دەڵێت: ( دەوڵەتی جوو - Jewish state) لەبری دەوڵەتی ئیسرائیل، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش (جووەکان بە جیاوازی نەتەوەو دەوڵەتیان) کە کۆچ دەکەن بۆ ئیسرائیل و دەچنە ئەو وڵاتە، مافی هاووڵاتیبوونی (جوو) یەك، ئەوجا خەڵکی هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، لەمافی کریستیانێك، یان موسڵمانێکی ناو ئیسرائیل زیاترە. بۆیە لەئیسرائیل هەڵبژاردن بکرێت، یان نە، ئەوا هەرگیز زمانی دیموکراتی لە دەوڵەتی (جوو)دا بوونی نابێت.

ئەگەر لەم دەروازەیەوە بچینە سەر ئەو باسەی، ئایا لای عەرەبی شیعەی عێراق چەمکی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن مانای چییە؟ ئەوا لەمیانەی ئەزموونی


HOW DEMOCRACIES DIE
STEVEN LEVITSKY & DANIEL ZIBLATT
CROWN

**لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ٢٠١١، هەر عەرەبێکی سوننە حوکمڕانیی مەزهەبگەرای حکومەتی بەغدای قبووڵ نەبووبێت و ڕەتی کردبێتەوە، ئەوا عەرەبی شیعە وەک تیرۆریست مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە و لەدادگاکانیشدا بە یاسای تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ کراوە**

**لایەنێکی دیکە کە جادەکەی بۆ عەرەبی شیعەی عێراق خۆش کردووە بۆ ئەوەی غرورانە هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوەیە ئەوان بە دیدی دۆڕاوی شەڕ سەیری هەر دوو پێکهاتەی کوردستان و عەرەبی سوننەی عێراق دەکەن**

**لەناو بازنەی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقدا، ئەو کاندیدانە شانسی دەرچوونیان بۆ خۆش دەکرێت کە بە فیلتەری قاسم سولەیمانی تێدەپەڕن. ئەم کەسایەتییە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقدا، ڕۆڵی نوێنەری تایبەتیی عەلی خامنەئی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەگێڕێت**

کۆماری ئیسلامیی ئێران و حوکمڕانیی ١٥ ساڵی عەرەبی شیعەی عێراق، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەمکی هەڵبژاردن و پرۆسەی هەڵبژاردن لای ئەوان بریتییە لە بەدیهێنانی دوو ئامانجی سەرەکی:

١- لەبەر ئەوەی خۆیان زۆرینەن، ئەوا چەمکی دیموکراتی واتە (زۆرینە و کەمینە).

٢- پرۆسەی هەڵبژاردن واتە شەرعیەتدان بە حوکمڕانیی شیعە و ملکەچبوونی ئەوانی دیکە بۆ ئەو حوکمڕانییە.

عەرەبی شیعەی عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٢ تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمکی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن چەسپاندووە، هەر بۆیە لە کابینەی دووەمی نوری مالیکییەوە، عەرەبی شیعەی عێراق داوای پیادەکردنی زۆرینە و کەمینە دەکەن، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای پشکی پێکهاتە جیاوازەکان بەردەوامە، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٤ و دەستبەکاربوونی کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی بنەمای زۆرینە و کەمینە بۆتە دیاردەی سەرەکیی حوکمڕانی لە عێراق و عەرەبی شیعەی عێراق هەر بڕیار و یاسایەک مەبەستیان بێت، لە ناو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق تێی دەپەڕێنن، چەندین یاسای و بڕیاری گرنگیش وەك (یاسای حەشدی شەعبی، بڕیارەکانی دژی هەرێمی کوردستان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، کەمکردنەوەی بەشە بودجەی کوردستان لە پرۆژەیاسای ئەنجومەنی وەزیران و پێدەچێت لە پەرلەمانیش تێپەڕێندرێت، یاسای باری کەسێتی و.. هتد).

عەرەبی شیعە لێرە بەدواوە، جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکات، بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵیان بۆ ئەوەیە دەستوورەکە بەو جۆرە تەفسیر بکەن کە خواستی مەزهەبگەرایی شیعەی خۆیان پێ بهێننەدی، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت بەدوای ئەوەدا بگەڕێن، ئایا شیعەی عێراق چیدیکەی مەبەستە کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە جێبەجێی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- بۆ نەهێشتنی شێوازی حوکمڕانی لەسەر بنەمای بەشداریی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، عەرەبی شیعەی عێراق زۆر بەچاکی کاری لەسەر تێکدانی ڕیزەکانی هەردوو پێکهاتەی کوردستان و عەرەبی سوننەی عێراق کردووە. عەرەبی شیعە لەناو هەردوو پێکهاتەی کوردستانی و عەرەبی سوننەدا خەڵکێکی باشیان کڕیوە و لە ناو لیستەکانی خۆیان تۆماریان کردوون، بەم هەنگاوەشیان مەبەستیانە چەتری شیعەگەرایی بگۆڕن بۆ چەترێکی ڕووکەشی نیشتمانی کە بە حیساب هەموو پێکهاتەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا کۆکردنەوەی بەشێکی پێکهاتەکانی دیکەشە لەژێر چەتری شیعەگەرایی بۆ ئەوەی بە بەرگێکی نیشتمانی حوکمڕانیی مەزهەبگەرای شیعە داپۆشن.

٢- لەناو بازنەی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقدا، ئەو کاندیدانە شانسی دەرچوونیان بۆ خۆش دەکرێت کە بە فیلتەری قاسم سولەیمانی تێدەپەڕن. ئەم کەسایەتییە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقدا، ڕۆڵی نوێنەری تایبەتیی عەلی خامنەئی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەگێڕێت، ئەوانەشی ئەو کاندیدیان دەکات، هەموویان بڕوایان بە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ کۆماری ئیسلامی هەیە و دیموکراتی وەك داهێنراوێکی ڕۆژئاوا بەمانای وشە ڕەتدەکەنەوە، هەر بۆیە هەر کامێك لە کاندیدە دیارەکانی عەرەبی شیعە وەك (عەبادی، مالیکی، عامری، تەنانەت جەعفەرییش) هەر کام لەمانە لە هەڵبژاردن دەربچن، ئەوا ئەوانی دیکە ناچار دەبن هاوپەیمانی لەگەڵ بکەن و کوتلەی گەورە پێکدەهێنن بۆ ئەوەی حوکمڕانی لەدەستی شیعە دەرنەچێت.

٣- لەئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتوو، حەشدی شەعبی دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەروەها دەبێتە زۆرینە لەناو هاوپەیمانیی شیعەدا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، یاساکان بەو شێوە دەربچن کە کۆپیکراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بن، یان هیچ هاودژییەك لەگەڵ یاساکانی کۆماری

ئیسلامیی ئێران دروست نەکەن.

٤- بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لە عێراقدا، عەرەبی شیعەی عێراق، لەبری بەشداریی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق وەك (پێکهاتەی کوردستانی و عەرەبی سوننە)، لەگەڵ چەند لایەنێکی لاوازی هەردوو پێکهاتەکە هاوپەیمانی دەکەن و بەچەند وەزارەت و پۆستێك رازییان دەکەن، ئەم بەشدارییە جیا لەوەی بەشدارییەکی کارتۆنیی کورد و عەرەبی سوننە دەبێت، بەڵام پرانسیپی زۆرینە و کەمینە بۆ حوکمڕانیی شیعە لەعێراقدا بە تەواوەتی دەکاتە دیاردەیەکی چەسپاو لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا.

٥- لایەنێکی دیکە کە جادەکەی بۆ عەرەبی شیعەی عێراق خۆش کردووە بۆ ئەوەی غروورانە هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوەیە ئەوان بە دیدی دۆڕاوی شەڕ سەیری هەر دوو پێکهاتەی کوردستان و عەرەبی سوننەی عێراق دەکەن، راستە لە گوتاری ئاشکرای حوکمڕانی شیعەدا، ئەوە دەشارنەوە کە هەموو عەرەبی سوننەی عێراق وەك داعش سەیر دەکەن، بەڵام بە کردەیی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ٢٠١١، هەر عەرەبێکی سوننە حوکمڕانیی مەزهەبگەرای حکومەتی بەغدای قبووڵ نەبووبێت و رەتی کردبێتەوە، ئەوا عەرەبی شیعە وەك تیرۆریست مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە و لەدادگاکانیشدا بە یاسای تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی پرسیارێکی هەستیار ئەوەیە، ئەگەر عەرەبی شیعەی عێراق، ئەم هەنگاوانەی دیکەشیان بۆ بچێتەسەر، ئایا ئایندەی سیاسیی عێراق چ شێوەیەك دەگرێت؟ لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆز نەبێت، لەبەر ئەوەی بە درێژایی نزیکەی ٤٠ ساڵی رابردوو لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هیچ کاتێك کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ساڵی ٢٠١٨ پێگەی بەهێز نەبووە و هیچ کاتێکیش بە درێژایی ٤٠ ساڵی رابردوو، تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، هێندە پێگەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز نەبووە، کە بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی زۆر جاران بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای قۆناخی رۆژئاوا پێناسە دەکرێت، هەر بۆیە لەناو ئەم هەلومەرجە رەخساوەدا، ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەو جۆرە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاراستەی دەکات و بەو جۆرەی ئەو مەبەستیەتی، دیارە ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا مەبەستیەتی بۆی بێتەدی، ئەوەیە دیموکراتی کۆتایی بێت و سیستمی ویلایەتی فەقیهـ جێگەی بگرێتەوە .

**● هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتووی عێراق بۆ کوردستان چ مانایەکی هەیە؟**

بەپێی پۆلێنکردنەکانی فریدم هاوس، بێجگە لە شێوازی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، چەند شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی هەن کە هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەرێت لەوانە:

١- دیموکراتی هەڵبژاردن - Electoral Democracy

٢- ململانێی نێوان خۆسەپێنەکان - Authoritarian Competitive

بێگومان بەپێی پۆلێنکردنەکانی فریدەم هاوس مۆدێلی حوکمڕانیی ئێرانی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی چۆن کۆماری چینی میللی سیستمی کۆمۆنیستی پیادە دەکات و پەیوەندی بە دیموکراتییەوە نییە، بەهەمان شێوە ئێرانیش سیستمی ویلایەتی فەقیهـ پیادە دەکات و پەیوەندی بە دیموکراتییەوە نییە، بۆیە ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی فریدەم هاوس بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بگەڕێین، ئەوا هەڵبژاردنەکانی عێراقیش شێوازێکی تایبەتی وەردەگرێت کە هەتا ئێستا لە هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانە پیادە نەکراوەو دەکرێت ناوی بنێین: )ململانێی نێوان کۆمەڵێك حزبی مەزهەبگەرا — (Theocracy Competitive، جیاوازی ئەم سیستمە تازەیەی عێراق لەگەڵ ئەو سیستمی هەڵبژاردنەی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران پیادە دەکرێت، ئەوەیە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران (ململانێی نێوان کاندیدە سیۆکراسیەکان ) ئەوجا چ بۆ سەرۆك کۆمار بێت، یان بۆ کاندیدی پەرلەمان، یەك بازنەیە و هەمووشیان خۆیان بە ملکەچی سیستمەکە دەزانن، بەڵام

**لەئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتوو، حەشدی شەعبی دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەروەها دەبێتە زۆرینە لەناو هاوپەیمانیی شیعەدا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، یاساکان بەو شێوە دەربچن کە کۆپیکراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بن**

**بۆ نەهێشتنی شێوازی حوکمڕانی لەسەر بنەمای بەشداریی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، عەرەبی شیعەی عێراق زۆر بەچاکی کاری لە سەر تێکدانی ریزەکانی هەردوو پێکهاتەی کوردستان و عەرەبی سوننەی عێراق کردووە**

**لەدوای ساڵی ٢٠١٤ و دەستبەکاربوونی کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی بنەمای زۆرینە و کەمینە بۆتە دیاردەی سەرەکیی حوکمڕانی لە عێراق و عەرەبی شیعەی عێراق هەر بڕیار و یاسایەک مەبەستیان بێت، لە ناو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق تێی دەپەڕێنن**

لە عێراقدا، بازنەی ململانێی نێوان کاندیدە سیۆکراتەکانی شیعە، تەنیا بەشێکی عێراق دەگرێتەوە و بازنەی دیکەش هەیە کە بڕوایان بەو سیستمە نییە کە شیعە هەوڵی بۆ دەدات و بەشداری هەڵبژاردنەکانیش دەکەن، بەڵام ئامانجیان لەململانێکە ئەوەیە کە سیستمێك بەسەر تەواوی ئەوانی دیکەشدا بسەپێنن.

کەواتە ئەو شێوازە تازەیەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق پیشانی جیهانی دەدات، شێوازێکە بۆ کوشتن، یان مردنی دیموکراتی لە عێراق و گۆڕینی سیمای حکومەتێکی مەدەنییە بۆ حکومەتێکی سیۆکراسی. هەموو لایەنە سیاسیەکانی شیعەی عێراقیش ئەم راستیەیان نەشاردۆتەوە. گەورەترین جیاوازی لە نێوان ئەو لایەنە سیاسییە شیعانەی دەیانەوێت سیستمی ولایەتی فقیهی ئێرانی کۆپی بکەنەوە و ئەوانەشی لە بانگیەکانیان رەتی دەکەنەوە، تەنیا ئەوەندەیە کە بڵێن ئەو سیستمە مەزهەبگەرایەی لە عێراقدا دادەمەزرێت، نموونەیەکی تازەیە و جیاوازە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ململانێکە لە نێوان دوو شێوازی جیاوازی حکومەتی سیۆکراسییە، نەك جیاوازییەکە لەنێوان حکومەتێکی مەدەنی و ئەوی دیکە سیۆکراسی بێت. هەروەك چۆن ئێستا ئەم دیاردەیە بەتەواوەتی لەناو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەبینرێت، بەشێکیان راشکاوانە عەلی خامەنەئی بە مەرجەعی خۆیان دەزانن و بەشێکیشیان عەلی سیستانی، بەڵام سەرەنجام پێناسەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی مەزهەبگەرای ملکەچ بۆ مەرجەعییەت کارەکانی دەکات، نەك وەك هێزێکی دەوڵەتی.

کەواتە ئەگەر ئەمە ئەو ژینگە سیاسییە بێت کە هەڵبژاردنەکانی عێراقی تێدا بەڕێوە دەچێت، ئایا بەشداریی کوردستان لەم هەڵبژاردنە چی دەگەیەنێت؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، بەڵام واقیعەکە بەوجۆرەیە کە هەرێمی کوردستان وەك لیستێکی یەکگرتووی بەهێز بەشداری ئەم هەڵبژاردنانە ناکات و حزبە سیاسییەکان هەریەکەیان بە لیستی جیاواز بەشداری دەکەن، ئەمەش زیانێکی زۆر لە پێگەی کوردستان و ژمارەی کورسییەکانی دەدات. بەڵام لەلایەکی دیکەش سەنگ و پێگەی ئەو لایەنە سیاسییەش لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەدیار دەخات، کە ئێستا شانی داوەتە بەر ئەم بارودۆخە قورسە و بەرگری لەمانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات.

لێرەوە دەکرێت هەڵوەستەیەك لەسەر هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، بەو حیسابەی بە تەنیا نزیکەی نیوەی کورسییەکانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بەدەست دەهێنێت، ئاراستەی سیاسەتی کوردستان بەرامبەر بەغدا و بەپێچەوانەوەشە دیاری دەکات.

کەواتە دەکرێت ئاراستەی پرسیارەکان روو لە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین و بپرسین: ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان بە چ ئامانجێك بەشداری ئەم هەڵبژاردنانە دەکات؟ یان ئایا هیچ هیوایەکی بەوە هەیە ئەم هەڵبژاردنانە بارودۆخێکی وا دروست بکات کە حکومەتێکی باشتر لەوەی ئێستا هەیە لە عێراقدا دابمەزرێت؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارانە هەڵوێستی پێشتری پارتی دیموکراتی کوردستان و رۆڵی دیاری پارتی لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەیداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان باوەڕی بەوە بوایە کە بە هەڵبژاردن، یان بە رێگە چارەی ئاشتییانە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەکرێن و عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی، ئەوا هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی ئەنجام نەدەدا، بەڵام کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم پەیامە راشکاوانەی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تێنەگەیشت و دوای ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ تیشکی سەوزیان بۆ بەغدا هەڵکرد بۆ ئەوەی بە هاوکاری لەگەڵ سوپای پاسداران کوردستان داگیربکاتەوە، هەڵوێستەکەی کوردستان بەوجۆرە وەرگیرا بەوەی گوایە بەغدا ئامادەیە عێراق بکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دەستوور جێبەجێ بکات و ئەوە کوردستانە کە فیدراڵییەت رەتدەکاتەوە،

**عەرەبی شیعە لەناو هەردوو پێکهاتەی کوردستانی و عەرەبی سوننەدا خەڵکێکی باشیان کڕیوە و لە ناو لیستەکانی خۆیان تۆماریان کردوون، بەم هەنگاوەشیان مەبەستیانە چەتری شیعەگەرایی بگۆڕن بۆ چەترێکی رووکەشی نیشتمانی کە بە حیساب هەموو پێکهاتەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا کۆکردنەوەی بەشێکی پێکهاتەکانی دیکەشە لە ژێر چەتری شیعەگەرایی بۆ ئەوەی بە بەرگێکی نیشتمانی حوکمڕانیی مەزهەبگەرای شیعە دابپۆشن**

**هیچ ئایینێک لەگەڵ دیموکراسی یەک ناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زمانی ئایین، زمانی پابەندبوون (التزام)ە، بەڵام زمانی دیموکراسی، زمانی (مافە)، ئەم دوو زمانەش ناتوانن پێکەوە دیالۆگ بکەن، یان لێکتێگەیشتن لەنێوایاندا دروست بکەن**

ئەوا ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێت جارێکی دیکە پەیامی خۆی ئاراستەی جیهان بکاتەوە و پێیان بڵێت: دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و دیموکراتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەك هەر تەنیا خواستی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵکو بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و لە دیکتاتۆریەت رزگاری ببێت، کوردستان بەشێك بووە لە هاوپەیمانیی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، لە ئێستاشدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بمێنێتەوە، ئەوا ئەمجارەشیان پارتی دیموکراتی کوردستان هاوشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو هەوڵانە بۆ ئەوەی هەموو جیهان زۆر باش لەو پەیامە تێبگەن، کە ئەقڵییەتی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەی عێراق، نە بڕوایان بە دیموکراتی و نە بڕوایان بە فیدراڵی هەیە، بەپێچەوانەوە ئەوان خۆیان دەیانەوێت رەگ و ریشەی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراق هەڵبکێشن و سیستمێکی سیۆکراتیی شیعەگەرا دابمەزرێنن.

خاڵی گرنگ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، پشتگیریی نێودەوڵەتییە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە بۆ شەرعییەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دەستی شیعەی عێراقی کورت کردۆتەوە کە بە رێگەی هەڵبژاردن گرەو لەسەر گۆڕینی قەوارەی سیاسیی کوردستان بکەنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراق دەکات، سەرکردایەتی ئەو رەوتە دەکات کە بەرگری لە مانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی دەکات، ئەوجا ئەگەر ئەم فراکسیۆنە و ئەوانەشی دوای هەڵبژاردن لەگەڵی دەبنە هاوپەیمان، نوێنەرایەتی هەموو کورسییەکانی کوردستانیش لەپەرلەمانی عێراق نەکەن، بەڵام کە هاتە سەر پەیوەندیی نێوان هەرێم و عێراق، تەنیا ئەو رەوتە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکات و لایەنەکانی دیکە هەتا ئەگەر لەگەڵ بەغداش بە جۆرێکی دیکە رێکبکەون، ئەوا وەك نوێنەری هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسەتی عێراقی و سیاسەتی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

کەواتە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو لایەنە نیشتمانپەروەرانەش کە دوای هەڵبژاردنەکان لەگەڵ لیستی پارتی بۆ نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانی دەکەن، هێندەی ئامانجیان ئەوەیە نوێنەرایەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بە چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان بکەن، هێندە ئامانجیان ئەوە نییە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چەند پۆستێك وەربگرن.

دیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لەم رەوتەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و حکومەتی بەغدا لەوە تێگەیشتووە، بێجگە لەپارتی و هاوپەیمانەکانی، هیچ لایەکی دیکە بۆ نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دانی پێدا نانرێت، بۆیە ئەویش کاتی خۆی لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەی ناو کوردستان بەفیڕۆ نادات کە لەسەر حیسابی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان سازشی گەورە بۆ حکومەتی بەغدا دەکەن.

ئەم هەڵبژاردنەی عێراق بۆ کوردستان تەنیا یەك مانای هەیە، ئەو مانەیەش ئەوەیە، ئایا دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری داهاتوو، حکومەتێك لە بەغدا پێکدێت کە وەڵامی داواکاری هەموو پێکهاتەکانی عێراق و گوشارە نێودەوڵەتییەکان بداتەوە؟ بێگومان هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم هەڵبژاردنە کۆتایی بە دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا دەهێنێت، دوای ئەوەش ئەگەر کوردستان هەر هەنگاوێك هەڵبگرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت چاو بە هەڵوێستی ئێستایدا بخشێنێتەوە، پێدەچێت هەر ئەمەش ئامانجی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق.

**ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا، پشتگیری لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان وەک رۆژئاوا جێ پێیەکیان لە عێراقدا بمێنێت و بەغداش نەتوانێت وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران رەفتار بکات**

**دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق ناتوانن ئەم دەستوورەی ئێستای عێراق بگۆڕن و دەستوورێکی تازە بۆ کۆماری ئیسلامیی عێراق بە هاوشێوەی ئێران بنووسنەوە، بەڵام دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە و لە ژێر تاتیڵی (عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی) لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقدا، کۆماری ئیسلامیی عێراق بونیاد بنێن**

**لەبەریەک هەڵوەشانی سیستمی دیموکراتی لە ئێستای جیهاندا، بۆ ئێمەی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان هەواڵێکی باش نییە و ئەوەمان پێدەڵێت، کە چیدیکە ئەمریکا لەسەر بنەماکانی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراتی هەوڵی گۆڕینی رژێمە سیۆکراس و دیکتاتۆرەکان نادات**



**تاریق گەردی**

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# بەپێی دەستوور تا سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا نەکرێت، نابێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا کەم بکرێتەوە

**بڕیاره لـەم هەفتەیـەدا بـێ گوێدانـە داخـوازی و داواكارییەكانـی پەرلەمانتارانـی كـورد لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراق، پـڕۆژە یاسـای بودجـە تێپەڕێندرێـت، بەمـەش عێراق جارێكـی دیكـە سـەلماندییەوە كـە پابەنـدی هیـچ ماددەیەكـی دەسـتووری و یاسـایی نابێـت كـە مـاف و ئیمتیازاتـی گەلـی كوردسـتانی تێدا جێگیـر كرابێـت، ئـەم هەنگاوەی عێراقیـش هاوكاتـە لەگـەڵ دەسـتپێكردنەوەی پرۆسـەی تەعریـب و بەردەوامبوونـی سـزاو گەمارۆكانـی سـەر كوردسـتان، بـۆ قسـەكردن لەسـەر ئـەم پرسـە چەنـد پرسـیارێكمان ئاراسـتەی د.تاریـق گـەردی ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق كـرد، لێـرەدا پوختـەی قسـەكانی بڵاودەكەینـەوە.**

*** وەكـو ئاشـكرایە عەبـادی ئامـادە نییـە كێشـەكانی نێـوان هەرێمـی كوردسـتان و عێـراق چارەسـەر بـكات، لـە سزاو گەمـارۆی ئاسمانی و نەناردنـی مووچـەی فەرمانبەرانـی هەرێـم و پێشـێلكارییەكانی تـری دەسـتووری و یاسـایی بەردەوامـە؛ ئایـا ئەگـەر بەغـدا ئامـادە نەبێـت بەپێـی دەسـتوورو یاسـا مافەكانـی گەلـی كوردسـتان بـدات، دۆخەكـە بـەرەو ئاڵۆزبوونـی زیاتـر ناچێـت؟**

- كێشـەی نێـوان هەرێمـی كوردسـتان و عێـراق لەسـاڵی ٢٠٠٥ـــەوە پەیوەنـدی بـە دەركەوتنـی عەقڵییەتـی شـۆڤێنی و بڕوانەبـوون بـەو بنەمایانـەوە هەیـە كـە عێراقـی لەسـەر دامـەزراوە، ئەویـش پێكەوەژیانـی نێـوان كـورد و عـەرەب و دیموكراسـی و فیدراڵییـە، هـەر ئەمـەش بـوو وایكـرد هەمـوو ئـەو بڕگـەو مـاددە دەسـتوورییانەی پەیوەندییـان بـە مافەكانـی گەلـی كوردسـتانەوە هەبـوو، جێبەجـێ نەكـرا. مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور كـە تایبـەت بـوو بەچارەسـەركردنی گەورەتریـن كێشـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق پشـتگوێ خـراو هەنگاوەكانـی جێبەجـێ كردنـی نەنـران، كـە بریتـی بـوون لـە: ١- ئاساییكردنـەوەی سـنوورە ئیدارییـەكان ٢- سـەرژمێری ٣- ریفرانـدۆم. بەپێچەوانـەوە مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوورییان وەكـو كێشـەیەكی هەڵپەسـێردراو هێشـتەوە و ئێسـتاكەش ئامـادە نیـن هـەر باسـی بكـەن، بـەڵام لـە ڕووی واقیعـەوە پارێـزگای كەركـووك و سـەرجەم ناوچـە كوردسـتانییەكانی تـر بـە ناوچـەی جێـگای ناكۆكـی لەسـەر لەنێـوان هەرێـم و بەغـدا مایـەوەو بگـرە زیانـی بـە پێكـەو ژیانـی نێـوان هەرسـێ پێكهاتـەی كـوردو عـەرەب و توركمانیـش گەیانـدووە. ئـەو ناوچانـە لـە بنەڕەتـدا كوردسـتانین و بەشـێكی پیـرۆزی خاكـی كوردسـتانن، ئەگەرچـی لـە پێكهاتـەی عەرەبـی ڕەسـەن و توركمانیـش پێكهاتـووە، بـەڵام زۆرینـەی كـوردن، هـەر لەبـەر ئەمـەش بـوو عێـراق ئامـادە نەبـوو مـاددە دەسـتوورییەكەی جێبەجـێ بـكات كـە بـۆ یەكلاكردنـەوەی ئـەم كێشـە مەترسـیدارە زۆر پێویسـت بـوو، ئێسـتاكەش لـەدوای داگیركردنـەوەی كەركـووك و ناوچـە كوردسـتانییەكانی دیكـە دۆخەكـە بـەرەو خراپتـر چـووەو كـورد كەوتوونەتـە بـەر شـاڵاوێكی توندی تەعریـب و دەركـردن.

*** هەنگاوێكـی مەترسـیداری حكومەتـی عێـراق بریتییـە لـە دەسـتپێكردنەوەی شـاڵاوی تەرحیـل و تەعریبـی خێزانـە كـوردەكان، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی زیاتـر لـە ١٠٠ هـەزار هاووڵاتیانی كـورد لـە كەركـووك و ناوچـە كوردسـتانییەكانی تـر ئـاوارەی شـارەكانی هەولێـر و دهـۆك و سـلێمانی و ئیـدارەی گەرمیـان بـوون، ئایـا گەمەكـردن بـەكات لەلایـەن عەبادییـەوە واناكات ئـەم پرۆسـەیە فراوانتـر بێـت؟**

- بـە درێژایـی حوكمڕانیـی بەعـس لـە پارێزگای كەركـووك و تـەواوی ناوچـە كوردسـتانییەكانی دەرەوەی هەرێـم كـورد كەوتبوونـە بـەر شـاڵاوی تەعریـب و تەبعیـس و ئەنفـال و دەركـردن، لەبەرامبەریشـدا خەڵكـی تـری عـەرەب دەهێنـران و قەرەبـوو دەكرانـەوە و دەخرانـە شـوێنی كـورد و زەوی و خاكیـان لـێ زەوت دەكـردن. بـۆ نموونـە لـە كەركـووك شـوێن هەیـە پێـی دەڵێـن گـەڕەكی ١٠ هـەزاری. ئـەو كاتـە بـە بڕیارێكـی بەعـس هـەر فەرمانبەرێكـی عـەرەب لـەم گەڕەكـە نیشـتەجێ بووایـە، پارچەیـەك زەوی و ١٠ هـەزار دینـاری سویسـری ئـەو كاتـی پـێ دەدرا، ئەمـەش تەنیـا

**بەپێی یاسا و بنەماکانی دەستوور تا سەرژمێریی گشتی لەعێراقدا نەکرێت، نابێت پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتیی عێراقدا کەم بکرێتەوە**

**ناکرێت هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩١ تا ئێستا نیمچە سەربەخۆ بووە، ئێستا بیخزێننە ناو ئەو چوارچێوە تەسکەی کە ئەوان بۆیان دیاری کردووین و مەرجەکانی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن**

بۆ ئەوەی ژمارەی عەرەب لە کورد زیاتر بێت. لەساڵی ٢٠٠٣ کە بەناو عێراقێکی نوێ دامەزرا و دەنگ لەسەر دەستوور دراو بۆ چارەسەرکردنی مافی زەوتکراوی ئەو کوردانە ماددەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بەچارەسەرکردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دانرا، هەر هەمان عەقڵییەت بە شێوازێکی دیکەو ناوێکی دیکەوە رێگەی نەدا ماددەکە جێبەجێ بکرێت و هەرێمی کوردستانیشی بەرەو ریفراندۆم برد، ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت و دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بچێت، قەیران و کێشەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

*** ئێوەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا تاچەند هەوڵەکانتان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەو هەڵگرتنی سزاو گەمارۆکانی سەر خەڵکی کوردستان ئاکامی هەبووە؟ ئایا ئەگەر ئەم هەوڵانە هەروا بێ ئاکام بن، هەنگاوی داهاتووتان چی دەبێت؟**

- لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرو داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی تر ئێمەی پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەڵقەیەکی زۆر لاوازین، لەسەر ئەو رووداوانەی بەسەر گەلی کورد هاتووە، یەکگرتوو نین، ئێمەش وەکو پەرلەمانتارانی پارتی ناتوانین بڵێین ئێمە بەرژەوەندیی کوردمان دەوێت و پەرلەمانتارانی تر نایانەوێت، چونکە دۆخەکە بەرەوخراپتر دەبات و کەلێنی نێوماڵی کورد زیاتر دەکات، لەم دۆخەدا تەنیا بە یەکڕیزیی نێوماڵی خۆمان دەتوانین رووبەڕووی هەموو ئەو دوژمنکارییانە ببینەوەو زۆرترین دەستکەوت و ماف بۆ گەلی کوردستان بەدی بهێنین. سەبارەت بەو سزاو گەمارۆ و ئەو بڕیارانەش کە لە دوای ریفراندۆم لەدژی گەلی کوردستان دەرکرا، جۆراوجۆرن، هەندێکی راستە دەستوورین، بەڵام لە دەرکردنیدا مەبەست و مەرامی دیکەی لەپشتە و هەندێکیشی بە تەواوی نادەستوورین، وەکو جووڵاندنی هێزی سەربازی دژی هاووڵاتیانی سڤیل و سووتاندن و تەقاندنەوەی ماڵی کورد و سەپاندنی گەمارۆی ئاسمانی و کەمکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەی گشتی و نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و دەستپێکردنەوەی تەعریب و دەیان بڕیار و رەفتاری تری دژ بەکورد نادەستوورین. با روونتر قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم، لەکاتێکدا ئەوان داوا دەکەن دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان بدرێنەوە بە عێراق، راستە ئەمە بەپێی ماددەی ١١٠ی دەستووری هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کورد جگە لەوەی لەناو چوارچێوەی عێراق هاوبەش نییە لە پۆست و دەسەڵاتە سیادییەکان، هاوکات ئەوان رادەستکردنەوەی ئەم دەروازانە بۆ کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی هێزە، لەکاتێکدا دەبێت ئەم دەروازانە بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێن، لەلایەکی ترەوە ئەوان بۆ بوارەکانی پشکی هەرێم لە بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پێشمەرگەو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، نەك هاوکار نین، بەڵکو رێگرن لە چارەسەرکردنی. کەواتە ئەگەر کێشەی نێوان هەرێم و عێراق وەکو یەك پاکێج سەیر بکەین، دەبینین عەبادی و حکومەتەکەی گەمە بە کات دەکات و نایەوێت گوێ لە داواکاری و داخوازییەکانی گەلی کورد بگرێت، کە هەمووی داواکاریی دەستووری و یاسایین، کەچی دەیەوێت بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی هەموو مۆرکێکی هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە، هەروەکو چۆن لە بودجەدا باس لە پارێزگاکانی باکوور- دەکات نەك هەرێمی کوردستان. ناکرێت هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩١ تا ئێستا نیمچە سەربەخۆ بووە، ئێستا بیخزێننە ناو ئەو چوارچێوە تەسکەی کە ئەوان بۆیان دیاری کردووین و مەرجەکانی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن.

*** هەنگاوێکی تری حکومەتی عێراق لەدژی هەرێمی کوردستان دەرکردنی کورد بوو لە پۆستە سیادییەکان، ئایا ئەم پۆستانە پێشێلکارییەکی تر نییە و ئەوە دەسەلمێنێت کە عەبادی بڕوای بە پێکەوەژیان نەماوە؟**

- لە حکومەتی فیدڕاڵی ٥٠ پۆستی سیادی کە پشکی کورد و هەرێمی کوردستانە هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوەو بگرە زۆربەیان لە کورد سەندراونەتەوە، بۆ نموونە: وەزیری دارایی و بریکاری وەزیری ناوخۆ و بریکاری وەزیری گواستنەوە و جێگری سەرۆکی بانکی فیدڕاڵی و سوپاسالاری سوپای عێراق و چەندین پۆستی تر، ئەم پۆستانە هەموویان پشکی کوردو کوردستانن، کەچی بە خەڵکی دیکە لە پێکهاتەی عەرەب پڕکراونەتەوە.

*** کەواتە بۆ هەموو لایەك ئاشكرا بوو كە مەسەلەكە ریفراندۆم نەبووە، بەڵكو ئەوان بۆ سڕینەوەی هەرێمی كوردستان و لەناوبردنی ئەزموونی فیدڕاڵییەت هەموو ئەو بڕیارو سزا قورسانەیان لەسەر كوردستان داناوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، دەمەوێت لە رووی هزری و یاساییەوە ئاماژە بە ریفراندۆم بدەم. ریفراندۆم تاوان و پێشێلكاری نییە، بەڵكو وەكو گەلانی ئازادیخوازی جیهان مافێكی ئاسایی و سروشتی هەموو تاكێك و گەلێكە، لەهەموو بنەماكانی مافی مرۆڤ و نەتەوەكاندا ئاماژەی پێكراوە، لە كەتەلۆنیا لە ئیسپانیا ریفراندۆم ئەنجامدراو نە هێزی سەربازی و نە سزاو گەمارۆ سەپێنرا بەسەر خەڵكی كەتەلۆنیادا، لە سكۆتلەندا لە بەریتانیا دوو جار ریفراندۆم ئەنجام دراوەو بڕیارە لەكۆتایی ئەمساڵدا جارێكی تر ریفراندۆم ئەنجام بدەنەوە و حكومەتی بەریتانیاش هێزی نەجووڵاندووە، كەچی لێرە حەشدی شەعبی و هەرچی چەكداری ناوخۆ و دەرەوە هەیە، هێنران و ماڵ و حاڵی كوردیان سووتاند و شارێكی وەكو دووزخورماتوو لە پێكهاتە كوردەكەی سڕایەوە، كەواتە ریفراندۆم تاوانێك نییە دەرهەق بە حكومەتی عێراق تاوەكو كۆمەڵكوژی بەرامبەر دەنگدەرانی كوردستان ئەنجام بدات، ئەمەی كە روویدا تەنیا بۆ عەقڵییەتی شۆڤێنی و خوێندنەوەی سەقەتی دیموكراتی دەگەڕێتەوە كە هەر چاوەڕێی ئەوەندەی لێدەكرێت.

*** وەكو ئەندامێكی لیژنەی وزە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاچەند ئاگاداری فرۆشتنی نەوتی كەركوكن؟ ئایا واژووكردنی گرێبەستی نەوتی بەبێ گەڕانەوە بۆ هەرێمەكان و پارێزگاكانی بەرهەمهێنەری نەوت پێشێلكاری دەستووری نییە؟**

- بەپێی بڕگەی ٢ لەماددەی ١١٢ی دەستووری عێراق — هەرچی كێڵگە نەوتییەكان و ئەوانەی لە ئایندەدا دەدۆزرێنەوە و پەرەی پێدەدرێت، دەبێت لەگەڵ هەرێمەكان و پارێزگاكانی بەرهەمهێنەری نەوت و ئەنجومەنی پارێزگاكان پێكەوە بەهەماهەنگی و هاوكاری كار و پرۆژەكانی ئەنجام بدرێت، هەر لە دەرهێنان و گواستنەوەو فرۆشتنەوە تاوەكو پرۆژەكانی پێشخستن و پەرەپێدانی كێڵگە نەوتییەكان، بەڵام حكومەتی فیدڕاڵی هەماهەنگی و هاوكاریی نێوان وەزارەتی نەوت و هەرێمەكان و پارێزگاكانی بۆ مەسەلەی نەوت پشتگوێ خستووە، ئەمەش پێشێلكارییەكی دەستوورییە، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك و هەموو ئەو پارێزگایانەی دیكەش كە بەمشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ كراوە، مافی خۆیانە لە رێگای دادگای فیدڕاڵییەوە سكاڵا لەسەر حكومەتی فیدڕاڵی و عەبادی و وەزارەتی نەوتی عێراق تۆمار بكەن لەبەرامبەر پێشێلكاریكردنی لە واژووكردنی گرێبەستی نەوتی و ناردن و فرۆشتنی .

*** بڕیارە رۆژی سێشەممە بەبێ گوێدانە داخوازییەكانی كورد پرۆژە یاسای بودجە تێپەڕێنرێت؛ لەكاتێكدا بەبێ هیچ بنەمایەك بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان لە بودجەكە كەم كراوەتەوە، ئایا ئەمە پەراوێزخستنی پێكهاتەیەكی سەرەكی نییە لەعێراقدا؟**

- كەمكردنەوەی پشكی هەرێمی كوردستان پێچەوانەی ئەو لێدوانانەی عەبادییە كە زۆر تەئكید لەسەر دەستوور دەكاتەوە، بەپێی یاسا و بنەماكانی دەستوور تا سەرژمێریی گشتی لەعێراقدا نەكرێت، نابێت پشكی هەرێمی كوردستان لەبودجەی گشتیی عێراقدا كەم بكرێتەوە، ئێستا كە رێژەكە بۆ ١٢,٦٧٪ كەم كراوەتەوەو رێژەی خەرجی سەروەریی (سیادی) زۆر زیادی كردووە، ئەمە پێچەوانەی تەنانەت سەرژمێری بەشە خۆراكی هاووڵاتیانە كە لە وەزارەتی بازرگانی رێژە و ژمارەی دانیشتووانی كوردستانی لە نێوان ١٤,٢٪- ١٤,٣٪ داناوە، هەرچەندە ئەم ژمارەیەش تەواو نییە، كەچی پشت بەم ژمارەیەش نەبەستراوە. هەرچۆنێك بێت دەبێت گەلی كوردستان لەسەر مافی دەستووریی خۆی سوور بێت لە بودجەی گشتی عێراقدا كە ١٧٪كەیە، چونكە ئەوە ئێمە نین كە سەرژمێریی گشتیمان لەعێراقدا ئەنجام نەداوە، ئەوە عەبادییە كەمتەرخەم بووە ئەو سەرژمێرییەی ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەگەر بێتو كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا هەروا بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، دەبێت لایەنی سێیەم كە نەتەوە یەكگرتووەكانە بەشداری لە دانوستان و كۆبوونەوەكان بكات، نەك نوێنەرانی ئەمریكاو بەریتانیاو رووسیاو ئێران و وڵاتانی دیكە كە لەسەر پرەنسیپی بەرژەوەندیی خۆیان كار دەكەن و لە ئێستادا بەرژەوەندییان لەگەڵ عێراقدا زۆرە.


**وەكو پەرلەمانتارانی پارتی ناتوانین بڵێین ئێمە بەرژەوەندیی كوردمان دەوێت و پەرلەمانتارانی دیكە نایانەوێت، چونكە دۆخەكە بەرەوخراپتر دەبات و كەلێنی نێوماڵی كورد زیاتر دەكات**

**جووڵاندنی هێزی سەربازی دژی هاووڵاتیانی سڤیل و سووتاندن و تەقاندنەوەی ماڵی كورد و سەپاندنی گەمارۆی ئاسمانی و كەمكردنەوەی پشكی كورد لە بودجەی گشتی و نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و دەستپێكردنەوەی تەعریب و دەیان بڕیار و رەفتاری تری دژ بەكورد نادەستوورین**

### کاتی ئەوە هاتووە باس لە قۆناخی پۆست دیموکراسی بکرێت؟

# پاشەکشەی دیموکراتی و ئەڵتەرناتیڤەکانی

((ئایا ئێمە ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فیکری و پراکتیکین لە هەمبەر تەنگژەی دیموکراسیدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بچینە سەر ئەو پرسیارە کە ئایا دیموکراتی چۆن بە شێوەیەکی کارا و سەرکەوتووانە کاردەکات؟ دیارە دیموکراسی بریتییە لە سیستمێکی داینامیکی لە ڕێی دامەزراوە و پیادەکردن و ڕێکار و ڕێکخستنەوە کار دەکات و، لە ڕێی کارلێکردنی هاووڵاتیان لەگەڵیدا «دەژییێت و درێژە دەکێشێت». هەر بۆیە لە حاڵەتێکدا کە تەنگژەکە خامۆشە و هێشتا دەرهاویشتەکانی دەرنەکەوتووە، ئەمە نابێتە هۆکاری ڕووخانی سیستمە دیموکراتییەکە، بەڵکو کاریگەریی دەبێت لەسەر توانا و لێوەشاوەیی ئەم سیستمە تا دەگاتە ئەوەی دەچێتە قۆناغی دوای دیموکراسییەوە. یان تەنیا رواڵەتە دامەزراوەییەکەی لێ دەمێنێتەوە)).




(١)

## بۆچی دیموکراتی لە پاشەکشەدایە؟

ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هۆکاری ئەوەی چەندین زاناو توێژەری بواری زانستی سیاسەت باس و گفتوگۆ لەسەر پاشەکشەی دیموکراتی بکەن؟ لاری دایمۆند کە یەکێکە لە دیارترینی ئەو توێژەرانەی کە دەروازەی بۆ گفتوگۆیەکی جددی سەبارەت بە دیاردەی (پاشەکشەی دیموکراتی) کردووەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیهان ئێستا بە سەردەمی داکشانی دیموکراتی (Democratic Rollback—) تێدەپەڕێت و ئەو مەترسییەش هاتۆتەئاراوە کە جیهان بەرەو حوکمرانیی خۆسەپێنی (Autocracy) هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەم حاڵەتە پێشبینی نەکراوە، ئاماژەیە بۆ دیاردەیەکی ترسناك کە بە (تەنگژەی دیموکراتی) ناودەبرێت، دیارە پێشتریش لە سەدەی بیستەمدا هەست بەم مەترسییە کراوە و زۆرێك لە فەیلەسوف و زانایانی زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئابووری لەسەر ئەم پرسە گرنگە توێژینەوەی گرنگیان ئەنجامداوە، لەوانە: ( هابرماز Habermas، هنتگتن Huntington، ئوفە Offe، کروزیر Crozier). دیارە درێژەپێدەری شوێنکەوتنی ئەو مەترسییە لەسەدەی بیست و یەکەمیشدا بەردەوام بوو، گەلێك لە زانایانی دیکە وەك (کرۆش، رانسیە، وێلن ) باسیان لە قۆناخی پۆست دیموکراسی کردووە، هەروەها هەریەك لە مانین Manin و ستریك Streeck، دەربارەی دیموکراسیەتی نمایشکاری و دیموکراتیەتی سنووردار کردووە، هەروەها کۆلیکان باسی لە دیموکراسیەتی ناتەواو کردووە و هەر یەکە لە میشیلین Michelsen، فالتر Walter، توێژینەوەیان لەسەر دیموکراسیەتی ناسیاسی کردووە، بلوهورن Bluhdorn باسی لە «دیموکراسیەتی لاساییکەرەوە» یان «لاساییکردنەوەی دیموکراسی» کردووە.

> **سەرکردە ئەوروپییەکان توانییان کاریگەرین لەسەر دروستکردنی حکومەتێکی نوێ لە ئیتاڵیا، هەروەها لە یۆنانیش توانییان کاریگەرین بەسەر حکومەتی ئەو وڵاتەوە لە گرتنەبەری رێکاری دوورمەودای کەمکردنەوەی خەرجی بە پێچەوانەی دەرئەنجامەکانی راپرسی گەلەوە کە دژ بە رێکاری کەمکردنەوەی خەرجی بوو**

> **فەرەنسا و هۆڵەندا دژی پرۆژە دەستووری ئەوروپی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگیاندا، بەڵام هەردووکیان بەردەوام بوون لەسەر پەسەندکردنی پەیماننامەی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێ هەمووارکردنی بچووك تێیدا**

ئەم بۆچوونانە بوونی هەوێنی وورووژاندنی پرسیارێکی سەرەکی، بەوەی ئایا ئەم دیاردەیە بۆتە هەرەشەیەکی جددی بۆ دیموکراتی، یاخود تەنگژەیەکە و بەرۆکی دیموکراتی گرتووە؟ یان ئایا ئاکامی ئەم تەنگژەیە بەرەو کوێ دەچێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە هاوشێوەی جیاوازیی کرۆکیی پرسیارەکان ئەوانیش وەڵامی جیاواز دەدەنەوە، هەر بۆیە وەك دەبینین هەندیك باس لە قۆناخی تێپەڕاندنی دیموکراسیەتی تەقلیدی دەکەن بەرەو قۆناخێکی دیکە کە پێی دەڵێن (قۆناخی پۆست دیموکراسی).بەڵام ئەمەش نەك بەو مانایەی کە دیموکراتی کۆتایی هاتووە، بەڵکو کۆمەڵێك پێشنیار خراونەتەڕوو بۆ ئەوەی مودێلی دیموکراتی نوێ بکرێتەوە. بەڵام ئەم رەوتەش کەوتە گرفتەوە لەبەر ئەوەی زیاتر خۆی سەرقاڵ کرد بە ئایندەی دەوڵەتەوە، نەك ئەوەی زیاتر هەوڵەکانی لەسەر ئایندەی دیموکراتی چڕبکاتەوە.

ئەم ئاکامە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: ئایا ئێمە ئێستا لە رووبەڕووبوونەوەیەکی فیکری و پراکتیکین لە هەمبەر تەنگژەی دیموکراسیدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بچینە سەر ئەو پرسیارە کە ئایا دیموکراتی چۆن بە شێوەیەکی کارا و سەرکەوتووانە کاردەکات؟ دیارە دیموکراسی بریتییە لە سیستمێکی دینامیکی لە رێی دامەزراوە و پیادەکردن و رێکار و رێکخستنەوە کار دەکات و، لە رێی کارلێکردنی هاووڵاتیان لەگەڵیدا «دەژییێت و درێژە دەکێشێت». هەر بۆیە لە حاڵەتێکدا کە تەنگژەکە خامۆشە و هێشتا دەرهاویشتەکانی دەرنەکەوتوون، ئەمە نابێتە هۆکاری رووخانی سیستمە دیموکراتییەکە، بەڵکو کاریگەریی دەبێت لەسەر توانا و لێوەشاوەیی ئەم سیستمە تا دەگاتە ئەوەی دەچێتە قۆناغی دوای دیموکراسییەوە. یان تەنیا رواڵەتە دامەزراوەییەکەی لێ دەمێنێتەوە.

## (٢)
## قۆناخی پۆست دیموکراسی

پرۆفیسۆری ئەمریکی (کۆلن کرۆش) بە داهێنەری چەمکی پۆست دیموکراسی دادەنرێت و کتێبەکەشی هەر بەهەمان ناوە، ئەم کتێبە چەند بیرۆکەیەك لەخۆدەگرێت کە مایەی بایەخپێدان و گفتوگۆکردنن و لە ساڵی ٢٠١١دا و لە توێژینەوەیەکی دیکەدا پەرەی دا بە ناونیشانی (ئایا لە دەرەوەی ئیشتراکییەتی دیموکراسی، لیبراڵی بوونی هەیە؟)

(کرۆش) لەم دەستەواژەیە چەند بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو کە پەیوەستن بەو پەرەسەندنانەی لەناو سیستمە دیموکراتییەکان لە سەرەتای سەدەی ٢١دا روودەدەن، هەروەها لە نێو ئەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسی بە شێوەیەکی ورد تێیاندا پیادە دەکرێت (هەڵبژاردنەکان، کەوتنی حکومەتەکان، ئازادیی رادەربڕین)، کە نوخبەیەکی بچووك سەرهەڵدەدات و هەڵدەستێت بە دەرکردنی بڕیارە قورسەکان.

ئەم بیرۆکەیەی مشتومڕێکی بەربڵاوی لێدەکەوێتەوە لە چوارچێوەی هزری سیاسیی هاوچەرخدا، لەبەر ئەوەی سەرنجڕادەکێشێت بۆ ئەو راستییەی کە دیموکراسیەتە دانپێدانراوەکان هەندێك لە بنچینەکانی خۆیان لەدەست داوە و بەرەو حوکمڕانیی ئەرستۆکراتی- aristocratic re-gime- رێچکەیان گرتووە.

پرۆفیسۆر(کرۆش) چەمکی (پۆست دیموکراسی) بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

● کۆمەڵگەی (پۆست دیموکراسی) کۆمەڵگەیەکە کە هێشتا سەرجەم دامەزراوە دیموکراسییەکانی تێدایە و لە چالاکییەکانیدا بەکاریان دەهێنێت کە دەبنە تەوەری چەند رووبەڕووبوونەوەیەکی گەرم.

● وزە و داهێنانەکان لە کۆمەڵگەدا دوور لە گۆڕەپانی دیموکراسی دەبزوێن و دەبنە چەند ئەڵقەیەکی بچووك لە نوخبەی سیاسی و ئابووری.

● لەم کۆمەڵگەیانەدا ئامرازە دیموکراتییەکان (هەڵبژاردنەکان، گفتوگۆی ئازاد، سەروەریی یاسا) هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا لە تەنگژەیەکدان کە پەیوەستە بەوەی سیستمی سیاسی بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبزوێت، ئەویش ئاراستەی فراوانکردنی کەرتی خزمەتگوزارییەکانە، لەبەر ئەوە (کرۆش) جەخت لەوە دەکاتەوە ئێمە لە کۆمەڵگەی (پۆست دیموکراسی)دا ناژین، بەڵکو بە ئاراستەیدا هەنگاو هەڵدەگرین، واتە لەسەر رێگاین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو قۆناغە.

ئەم دەستەواژەیە جێی مشتومڕ و بایەخپێدانە

لەلایەن ئەو کەسانەی گرنگی بە پرسی یەکسانیی سیاسی دەدەن، لە هەمان کاتدا بیرۆکەی ئەو نووسەرانە تێدەپەڕێنێت کە سکاڵایانە لەبارەی «شکستەکانی دیموکراسی»، کە هەڵدەستن بە روونکردنەوە و شرۆڤەکردنی قووڵایی و رەگ و ریشەی هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و لە دەرئەنجامدا یەکسانی نەبۆتە بەشێك لە کارنامەی (دوای دیموکراسی)، ئەم دۆخەش دەرفەتی رەخساند بۆ سیاسەتێکی جەماوەریی چالاك و یەکلاکەرەوە کە هاوشان بوو بە هەڵکشانی سەرمایەداری جیهانی بۆ هێنانەئارای چینێکی سیاسی (کە مەرجەعییەتی خودی هەیە) و پتر بایەخ بەوە دەدات کە رایەڵەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە بازرگانییە دەوڵەمەندەکان بەهێزتر بکات، لەبری ئەوەی هەڵبستێت بە بەدواداچوونی ئەو پرۆگرامە سیاسییانەی کە داواکاریی هاووڵاتییان دەستەبەر دەکەن.

پرۆفیسۆر (کرۆش) ئەوە روون دەکاتەوە کە ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا پێمان ناوەتە نێو جیهانێکەوە کە هاوشێوەی ئەوە بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لەئارادا بوو، ئەو کاتەی سیاسەت گەمەیەك بوو لەنێوان نوخبەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وێنەی سەدەی بیست لەبەرچاومان دەمێنێتەوە و بیرمان دەخاتەوە کە دەکرێت ژیان بە بەر سیاسەتدا بکرێتەوە. The revival of Politics

لێرەدا پرۆفیسۆر (کرۆش) مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ دەورووژێنێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە هەوڵە لیبراڵییەکان بۆ گۆشەگیرکردنی دەوڵەت لە پرسی دەستەبەرکردنی ژیانی هاووڵاتییە ئاساییەکان و چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر پرسی بازاڕی ئازاد، هەمیشە هاوشان بووە بە دیاردەیەك کە پێی دەڵێت، کۆلۆنیالیزم کە تێیاندا هەڵبژاردنە گشتییەکان لە دیموکراسیەتەکاندا بوونەتە «موزایەدە auctions » بۆ کەمکردنەوەی باجەکان. هەربۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دامەزراوەی سەرەکی لە قۆناغی (دوای دیموکراسی) بریتییە لە کۆمپانیای جیهانی کە بریتییە لە هەروەزییەکان کە تەرکیز دەکەنەوە لەسەر جوولەی جیهانی سامانە بازرگانییەکان، بەهای پشکەکان کە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەستاودەستی پێدەکرێت. بەڵام حکومەتەکان هەوڵیانداوە لاسایی ئەم چەشنە رێکخستنە بکەنەوە کە پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکی بۆ توانا بنەڕەتییەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام دەرئەنجامەکە خەمناك و پێکەنیناوی بوو، هەروەك (کرۆش) دەنووسێت:

«حکومەت دەبێتە جۆرێك لە گەمژەترین دامەزراوەکان، هەر هەنگاوێکی نارۆشنگەرانە پێشوەختە پێشبینی دەکرێت و بەو پێیە شایستەی ئەوە دەبێت کە لە بەهای کەم بکرێتەوە، لەلایەن لایەنە کاراکانی نێو بازاڕی زیرەکدا».

بۆچوونەکانی (کرۆش) کۆتایی توانایەکی شۆڕشگێڕی مژدەبەخش نییە، هەروەها هۆکاری خەمۆکی و خەمساردیی سیاسی ناخەنەڕوو، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکسانی ناتوانێت بەرهەڵستکاری گەیشتن بێت بە قۆناغی (پۆست دیموکراتی)، بەڵام دەبێت فێر بین چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

**(٣)**

## قەیرانی دارایی جیهانی و دەرکەوتنی قۆناخی پۆست دیموکراسی

بایەخدان بە پرسی (پۆست دیموکراسی) لەگەڵ سەرەتاکانی قەیرانی دارایی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەستی پێکرد، لەدوای ئەم رووداوە پرسیارێکی گرنگ هاتەئاراوە دەربارەی ئەوەی تا چەند سیستمی سیاسیی رۆژئاوا توانای ئەوەی هەیە سیاسەتی حوکمڕانی لەگەڵ ئاستی خواستەکانی جەماوەردا بگونجێنێت؟ لەم پرسیارەوە ئەوە دەرکەوت کە پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ سازانێکی سیاسی لەنێوان دیموکراسیەت و سەرمایەداریدا.

بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە هەستیارە، دەستەواژەی (پۆست دیموکراسی) خرایەڕوو کە دەستەواژەیەکە و ناکۆکی هەیە لەبارەیەوە، بەڵام هاوڕاییەك هەیە لەسەر ئەوەی بە مانای سیستمێك دێت کە تێیدا کەمینە حوکمڕانی دەکات و هەندێ لە ئامرازەکانی دیموکراسی بەکار دەهێنێت و بە شێوەیەکی سیستماتیکی کار دەکات بۆ دووررخستنەوەی هاووڵاتییان لە گۆڕەپانی سیاسی و ئاراستەکردنیان بەرەو گۆڕەپانەکانی دیکەی ژیان، یاخود بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر.

(کرۆش) بە باسکردنی دژیەکی و

**توێژەر (جاك رانسیر) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (Shores of Politics) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیموکراسییەت بۆ ئەوە نییە «کاتە مردووەکان» و «شوێنە بەتاڵەکان» پڕبکاتەوە لە رێی شێوەکانی بەشداریکردنەوە. بەپێی ئەزموونی سیاسی فیعلی ئەوەی پێی دەوترێت «دیموکراسیەتی شەقام»، کە هێشتا ئەمە تاکە رێگایە بۆ دەربازبوون لە «تەڵەی پۆست دیموکراسی**

**لە حاڵەتێکدا کە تەنگژەکە خامۆشە و هێشتا دەرهاویشتەکانی دەرنەکەوتوون، ئەمە نابێتە هۆکاری رووخانی سیستمە دیموکراتییەکە، بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەر توانا و لێوەشاوەیی ئەم سیستمە تا دەگاتە ئەوەی دەچێتە قۆناغی دوای دیموکراسییەوە. یان تەنیا رواڵەتە دامەزراوەییەکەی لێ دەمێنێتەوە**

ناسازییەکانی دیموکراسی دەست بە کتێبەکەی دەکات، بەڵام ئەوەی سەرنجی دەدەین، بریتییە لە داکشانی دیموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەربۆیە بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە ئێمە لەبەردەم دەروازەی قۆناغی ( پۆست دیموکراسی )داین.

(کرۆش) کلیلی سەرەکیی ئەم داڕووخانە بەوە دەستنیشان دەکات کە بریتییە لە دیاردەی لاسەنگبوونی نێوان بەرژەوەندیی کۆمپانیاکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. هەروەها ئەوەشی روون کردووەتەوە کە حکومەتەکانیش هەوڵی لاساییکردنەوەی شێوازی کۆمپانیا جیهانییەکان دەدەن، بەو پێیەی کە سەرمەشقێکن و دەبێت شوێن پێیان هەڵبگیرێت. بەڵام «لاساییکردنەوەی دەوڵەت» بۆ «شێوازی کۆمپانیاکان» کێشەی گرنگ دەخولقێنێت، لە نێویاندا کێشەی سەرەکی پەیوەست بەوەی چڕکردنەوەی گوڕ و هێزی گەورە لە کۆمپانیاکاندا هەنگاو بە هەنگاو دەبێتەهۆی ئەوەی کاریگەری دروست بکات لەسەر چالاکییەکانی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان نەك تەنیا باڵادەست دەبن بەسەر ئابووریدا، بەڵکو دەبنە چینێکی تایبەت و جڵەوی دەوڵەت دەکەن.

**«لاساییکردنەوەی دەوڵەت» بۆ «شێوازی کۆمپانیاکان» کێشەی گرنگ دەخولقێنێت، لە نێویاندا کێشەی سەرەکی پەیوەست بەوەی چڕکردنەوەی گوڕ و هێزی گەورە لە کۆمپانیاکاندا هەنگاو بە هەنگاو دەبێتەهۆی ئەوەی کاریگەری دروست بکات لەسەر چالاکییەکانی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان نەک تەنیا باڵادەست دەبن بەسەر ئابووریدا، بەڵکو دەبنە چینێکی تایبەت و جڵەوی دەوڵەت دەکەن**

لەبەر ئەمەشە، (کرۆش) بوونی حاڵەتی «بێهیوایی» یان «نائومێدی» کە لە دوای «رۆژگاری دیموکراسی»یەوە دروست دەبێت، دەکاتە خاڵی دەستپێك بۆ دیاریکردنی قۆناغی پۆست دیموکراسی، هەروەها ئەو حاڵەتەی کە تێیدا بەرژەوەندیی کەمینە گرنگتر دەبێت لە بەرژەوەندیی خەڵکانی ئاسایی. لەم سیاقەدا رۆژئاوا پێی ناوەتە قۆناغێکە کە دەکرێت پێی بوترێت: «قۆناغی دوایی چینە کۆمەڵایەتییەکان، Post-Class » یان «دوای ناسنامە Post-Identity» و ئەمەش خاکێکی بە پیتە بۆ بزووتنەوە پۆپۆلیستییە جۆراجۆرەکان. لەسەر ئەم بنەمایەش چوار قۆناغی سەرەکی دەخاتەڕوو کە پەیوەستن بە رێچکەگرتن بەرەو قۆناغی (پۆست دیموکراسی) کە بریتین لە:

- ئابوورییەکی بە جیهانی بوو.
- لاوازیی ناسنامەی سیاسیی بنیادنراو لەسەر چینی کۆمەڵایەتی.
- پەیوەندییە گۆڕدراوەکان لەنێوان دەنگدەران و سیاسەتە حزبییەکاندا.
- بەتایبەتکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

ئەم قۆناغانەش گرێدەداتەوە بە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیی نوێی نێو کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا.

**(٤)**

## قۆناخی پۆست دیموکراسی تەڵەیە یان دووبارە داهێنانەوەی دیموکراتییە؟

ئەو بیرۆکانەی پرۆفیسۆر (کرۆش) خستنیەڕوو کە لە رووی تیۆرییەوە هاریکارە بۆ سنووردارکردنی کاریگەرییەکانی قۆناغی (پۆست دیموکراسی)، بە شێوەیەکی بەربڵاو رۆڵێکی کارایان هەبووە لە هێنانەدی بەدیلی هاوچەرخدا، کە (کرۆش) پێداگیری دەکات لەسەر دووبارە داهێنانەوەی دیموکراسی، بەڵام لە هەمان کاتدا زەحمەتە ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئەگەر هۆشیارییەکی دیاریکراو لەئارادا نەبێت، بەوەی دیموکراسی بە پەلە پێویستی بە جۆرێك لە گونجان هەیە. بەڵام دوای ئەم بیرۆکانەی کرۆش پرسیار ئەوەیە: ئایا دەکرێت لە ئێستادا باس لە تەڵەی بیرۆکەی (پۆست دیموکراسی) بکەین؟ ئایا هێشتا بە راستی ئەو بیرۆکەیە کەوتۆتە داوی تەڵەوە؟ دیارە بۆ تێگەیشتن لەو بیرۆکانە لەسەر هەندێ لە خاڵە جەوهەرییە گرنگەکان رادەوەستین.

سەرەتا، پێویستە هەڵوەستە بکەین لەسەر پرسی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمك و پێناسەی دیموکراسیدا؟ لەبەر ئەوەی ناکۆکییەکی ئاشکرا هەیە لەبارەی گرنگیی دیموکراسی بۆ چەمکی دیموکراسیەتی لیبراڵی و ئایا ئەم دیموکراسیەتە، بە رەهایی، دیموکراسیەتێکی راستەقینەیە؟ ئایا دیاردەی (پۆست دیموکراسی) تەنیا و تەنیا دیاردەیەکی هاوچەرخە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، پێویستە باس لە «مێژوویی‌بوونی» دیموکراسی بکەین. بۆ نموونە، چەندین بواری گرنگ هەن کە ململانێیان تێدا دەردەکەوێت لەنێوان گەل و کەمینەی ئۆلیگارشی، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە دەرکەوت گەلی ئەمریکا رازی نین لەو کەمینەیە، بەڵام (ئەمەش زۆر گرنگە) شکستهێنانی بیرۆکەی گەل لەبارەی ئەوەی «سیاسەت تەنیا دەنگدان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ٣٦٥ رۆژی ساڵەکە.»

ئـەو بیرۆکەیـە کاریگەرییەکـی گـەورەی هەبـوو، لەبـەر ئـەوەی چەمکـی دیموکراسـی گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە و بۆتـە پاڵنەرێك بۆ خزمەتگـوزاری کەڵەکەکردنـی سـەرمایە و دواتر یەکسـانی بەداوادا دێت. بـەم شـێوەیە، چیتـر دیموکراسـی بریتـی نییـە لـە مامەڵەکـردن treat، بەڵکـو بۆتـە سـەرچاوە بـۆ نوخبـە.

لێـرەدا دەکرێـت ئامـاژە بـە کتێبێکـی گرنگـی فەقیهـی قانوونـی نەمسـاوی (هانـز کلزن) بکەیـن بـە ناونیشـانی (بەرگریکـردن لـە دیموکراسـی) لـەم کتێبـەدا بـاس لـەوە دەکات قەیرانـی دیموکراسـی بەهـۆی پەرەسـەندنی ئابووریـی سـەرمایەدارییەوە، روویـداوە کـە دیموکراسـیش ناتوانێـت رامـی بـکات.

کێشـەی سـەرەکی لـە ئێسـتادا و لـە پەیوەنـدی بـە (پۆسـت دیموکراسـی) پەیوەسـتە بـەوەی کـە چەندیـن نووسـەر بـە سـادەیی چەشـنە سیاسـییە کۆنـەکان دووبـارە دەکەنـەوە، لەبـری ئـەوەی بـاس لەوە بکەن کە لـە ئێستادا لـە گفتوگـۆی سیاسیدا دەخرێتـەڕوو دەربـارەی «کۆتایـی سیاسـەت the end of politics». هەمـوو ئـەو نووسـەرانە بیرۆکـەی زیاتر سەبارەت بە سیاسەت،یان سیاسەتی بێخەو دەخەنـەروو، بـەڵام هەمـان ئـەو رێچکانـە دەگرنەبەر کـە بەسـەرچوون.

توێـژەر( ویلیـن Wollin) هەوڵیـدا خـۆی لـە تەڵـەی (پۆسـت دیموکراسـی) دەربـاز بـکات لـە رێـی خسـتنەڕووی چەمکەکەیـەوە لەبـارەی (دیموکراسـیەتی سـاتەوەختی-تێپەڕ) کـە ئـەوە لەخۆ دەگرێت چەمکێکە تەنیا پەیوەست نییە بە شێوەی حکومەتـەوە کە تێیدا حوکمڕانـی بۆ گـەل دەگەڕێتـەوە، بەڵکـو وەڵامێکـە بـۆ ئـەو کەسانەی کە رێگەیەکـی دیکەیـان نییـە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان جگـە لـە کۆکردنـەوەی هێزەکانیـان.

وا دەردەکەوێـت، هـەروەك توێـژەر (کورسـار Kur-sar) جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە، کـە ئـەو هەمیشـە دەیەوێت ئـەو هاووڵاتیانـەی تـا رادەیـەك هـەژارن، ئـەوان بەرجەسـتەکاری کەرەسـتەی دیموکراسـی بـن. هەروەهـا سـەرنجی ئـەوە دەدات کـە بـۆی هەیـە بیرۆکـەی (پۆسـت دیموکراسـی) بـە شـێوەیەکی بەهێزتـر بکەوێتـە ململانـێ و ناکۆکییـەوە، ئەگـەر هاتـوو ئەوەمـان قبـووڵ کـرد کـە زەمانەتـی دیموکراسـیەتی هەمیشـەیی باشـترە لـە تواناکـەی بـۆ گواسـتنەوەی پێگـەکان و گۆڕینـی شـێوەکانی بەشـداری، بـەڵام توێـژەر (جـاك رانسـیر Jacques Rancière) لـە کتێبەکەیـدا بـە ناونیشـانی (Shores of Politics) جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە دیموکراسییەت بۆ ئەوە نییە «کاتـە مـردووەکان» و «شـوێنە بەتاڵـەکان» پڕبکاتـەوە لـە رێـی شـێوەکانی بەشداریکردنەوە. بەپێی ئەزموونی سیاسی فیعلی ئـەوەی پێـی دەوترێـت «دیموکراسـیەتی شـەقام»، کـە هێشـتا ئەمـە تاکـە رێگایـە بـۆ دەربازبـوون لـە «تەڵـەی پۆسـت دیموکراسـی».

**(٥)**

## ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی چەمکی پۆست دیموکراسی

دوای خسـتنەڕووی بیرۆکـە سـەرەکییەکانی پرۆفیسـۆر (کـرۆش)، لـە خـوارەوە گرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی ئـەو بیرۆکانـە دەخەینـەڕوو لـە چوارچێـوەی بیرۆکـەی ( قۆناغـی پۆسـت دیموکراسـی ):

- کەمبوونـەوەی ژمـارەی دەنگـدەران، ئەوانـەی بەشـدارییان کـردووە لـە هەڵبژاردنـە گشـتییەکاندا.
- بوونـی دەرفـەت و ئەگـەر لەبـەردەم سیاسـییەکاندا بـۆ پشتگوێخسـتنی دەرئەنجامـە نەخوازراوەکانـی هەڵبـژاردن و راپرسـییەکان، یاخـود راوەرگرتنـەکان (فەرەنسـا و هۆڵەنـدا دژی پـرۆژە دەستووری ئەورووپی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگیانـدا، بـەڵام هەردووکیـان بـەردەوام بـوون لەسـەر پەسـەندکردنی پەیماننامـەی یەکێتیی ئەورووپا لەگـەڵ ئەنجامدانی هەنـدێ هەموارکردنـی بچـووك تێیـدا)،
- زیادبوونـی ژمـارەی پارتـە سیاسـییەکان کـە «سـەرمایەکەیان» رق لـێ بوونەوەیـە لـە بیانییـەکان.
- دەرکەوتنـی ئـەو بوارانـەی دەبنەهـۆی دروسـتکردنی کاریگەریـی دەرەکـی لەسـەر سیاسـەتە ناوخۆییەکانـی دەوڵەتـان. سـەرکردە ئەورووپییـەکان توانییـان کاریگەربـن لەسـەر دروسـتکردنی حکومەتێکـی نـوێ لـە ئیتاڵیـا، هەروەهـا لـە یۆنانیـش توانییـان کاریگەربـن بەسـەر حکومەتـی ئـەو وڵاتـەوە لـە گرتنەبـەری رێـکاری دوورمـەودای کەمکردنـەوەی خەرجـی بـە پێچەوانـەی دەرئەنجامەکانـی راپرسـی گەلـەوە کـە دژ بـە رێـکاری کەمکردنـەوەی خەرجـی بـوو.
- زیادبوونـی کاریگەریـی بەرژەوەندییـە تایبەتیـەکان لەسـەر سیاسـەتی گشـتی.

**لاری دایمۆند کە یەکێکە لە دیارترینی ئەو توێژەرانەی کە دەروازەی بۆ گفتوگۆیەکی جددی سەبارەت بە دیاردەی (پاشەکشەی دیموکراتی) کردووەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیهان ئێستا بە سەردەمی داکشانی دیموکراتی (Democratic– Rollback) تێدەپەڕێت و ئەو مەترسییەش هاتۆتەئاراوە کە جیهان بەرەو حوکمڕانیی خۆسەپێنی ( Autocracy) هەنگاو هەڵدەگرێت**

# ئەگەر پاڵێوراوی پەرلەمان بیت لە رووی سایکۆلۆژییەوە چ پێگەیەکت هەیە؟!


ئەو ناونیشانەی سەرەوە داواکارییەکە لە خوێنەری بەڕێز ئەویش بەم شێوەیە: داواکارم لە بەڕێزتان بۆ یەك سات وەرن لەگەڵمدا با خۆمان بخەینە شوێنی پاڵێوراوێك بۆ پەرلەمانەکانی ئەم جارەی عێراق و هیوادارم قبووڵی بکەن، ئەگەریش داواکارییەکەتان قبووڵ نەکرد و ئامادە نین خۆتان بخەنە جێگەی پاڵێوراوەکە، ئەوا زۆر ئاساییە و سوپاس، پێویست ناکات بەشەکانی دیکەی ئەم نووسینە بخوێننەوە، هەر بەڕێزیکیش داواکەمانی قبووڵ کرد، بفەرموون با خۆمان بخەینە جێگەی پاڵێوراوێك بۆ پەرلەمانی عێراق.

وتووێژەکەمان با لە راستییەکەوە دەست پێ بکەین کە هەردوو لامان لەسەری کۆکین و زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوکەوتەکانمان دەکرێت شرۆڤە بکەین لەو راستییەوە کە هەمووومان دەیزانین و هەرگیز بیرمان لێ نەکردۆتەوە بە تێروتەسەلی کاتی تەواومان نەداوەتێ، ئەو راستییەش بریتییە لە پێگەی سایکۆلۆژیی مرۆڤ لە ساتێکدا کە ساتی پێویست بوونیەتی بە شتێك، ئەو ساتەی هەر مرۆڤێك لە چرکەساتی سایکۆلۆژیی پێویست بووندایە بە هەر شتێك، ئەو چرکەیە هەڵوێستەکەی لاوازە، جا ئەگەر ئەو بابەتەی مرۆڤەکە دەیەوێت لای یەك کەس دەستی بکەوێت، ئەوا تەنیا چرکەساتی پێویست بوون تومار دەبێت لای ئەو برادەرەی کە پێویستییەکەتی لایە، بەڵام ئەی ئەگەر پێویستییەکەت کەوتە لای هەزاران و بگرە ملیۆنان مرۆڤی وڵاتەکەت، وەك پێویستی بەدەستهێنانی دەنگ و رەزامەندیی هەزاران کەس کاتێك کە پاڵێوراویت بۆ پەرلەمانی وڵاتەکەت، ئاخۆ لە چ پێگەیەکی سایکۆلۆژیدا دەبیت؟ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پێگەیە هەر بەپێی یاسای (پێویست بوون) دەکرێت دوو لێکدانەوەی بۆ بکەین:

١. ئەگەر پاڵێوراوەکە لە لایەن حزبێکەوە هەڵبژێردرابێت، بەپێی یاسای (پێگەی سایکۆلۆژی مرۆڤ لە چرکە ساتی پێویستبووندا، پێگەیەکی لاوازە) ئەوا ئەو برادەرە پاڵێوراوە بارودۆخەکەی هەندێك خاڵی بەهێزی تێدایە کە بریتییە لە دەربڕینی پێویستبوون بە پاڵێوراوەکە لە لایەن دەزگایەکی گەورەوە کە هێزو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، لێرەدا بەشێك لە خاڵە لاوازەکانی پاڵێوراوەکە دەبێتە خاڵی بەهێز، بەڵام هێشتا بەپێی یاسای پێویستبوون پێگەی پاڵێوراوەکە لە حاڵەتی لاوازیدایە بەرامبەر بە دەنگدەرەکان، چونکە پێویستییەکەی پاڵێوراوەکە هێشتا بەدەست دەنگدەرانەوەیە.

٢. ئەی ئەگەر هەر لەسەرەتاوە پاڵێوراوەکە خۆی دەستی کردبێت بە دەربڕینی پێویستبوون و خۆی هەوڵی دابێت بخرێتە ناو پرۆسەکەوە، واتە پێویستییەکی راستەقینە لە دەزگا گەورە و کاریگەرەکەوە دەرنەبڕدراوە بە پێویستبوونی ئەو پاڵێوراوەکە، ئەوا پێگەی سایکۆلۆژی ئەو پاڵێوراوە، یاخوا دوژمنەکەشت بە خەو نەیبینێ، چونکە هەموو پێگەکەی بووە بە پێویستبوون بەرامبەر بە هەموو لایەك کە لاوازترین پێگەی سایکۆژیی مرۆڤە و پێویستییەکەشی پەرش و بڵاو بۆتەوە و کەوتۆتە دەست هەزاران کەس.

ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی سەرەوە بەردەوام دەبێت بە پێی یاسای پێویستبوون تا ئەو چرکەساتەی کە لاپەڕەی دەنگدانەکە دەچێتە ناو سندوقی دەنگدان و دەسەڵات و هێز لە دەست دەنگدەر نامێنێت و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکەی دەنگدەرەکە لە پێگەی «هێزەوە» دەبێت بە پێگەی «لاواز»، چونکە لەو چرکەساتەوە ئەگەر پاڵێوراوەکە سەرکەوت، ئیدی دەنگدەر پێویستی بە پاڵێوراوەکەیە، ئەم حاڵەتەش بریتییە لە گەورەترین کێشەی دیموکراتییەتی نوێنەرایەتی کە رۆڵی راستەقینەی گەل بە فیعلی لە یەك چرکەساتدا بەهێزترین ئاست تۆمار دەکات، ئەویش چرکەساتی پێش جیابوونەوەی لاپەڕەی دەنگدانەکەیە لە دەست دەنگدەر و ئیدی هەتا چوارساڵی دیکە رۆڵ و پێگەیەکی وا بەهێز بەدەست گەلەوە نەماوە، بەڵکو پێگەکەی لە بڕیاربەدەستەوە بووەتە چاودێریی ئەو نوێنەرەی کە متمانەی پێ داوە، تا بزانێت جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بە چ ئاستێك گەیشتووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دیموکراتییەتی راستەوخۆ و دەسەڵاتی گەل



د. ڕێبین سەلام
مامۆستا لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی / هەولێر

بۆ گوڵان نووسیویەتی

زۆر بەهێزتر و چەسپاوتر دەهێڵێتەوە، چونکە هەمیشە گەل دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەدەستەوەیە و بڕیاردەدات. بێگومان هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و قاڵبوونی تاکەکاتی و نزیکی بڕیارەکانیان لە ڕاستی و سەرکەوتنەوە، یەکێك لەم دوو مۆدێلەی دیموکراتی پێویستە هەڵبژێرن کە زۆرتر گونجاوە لەگەڵ بارودۆخیان، ئەمەش لە ڕێگەی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە بەرجەستە دەبێت. لێرەدا دەکەوینە بەردەم بابەتێکی دیکە کە ئایا هەڵبژاردنی مۆدێلی دیموکراتی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، هەتا چ ئاستێك ڕەچاوی بارودۆخ و ئاستی ڕۆشنبیریی دەنگدەر کراوە، ئینجا هەڵبژێردراوە و کراوە بە مۆدێل و لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئەگەر ڕەچاوی ئەو حاڵەتە نەکرابێت، ئەوا سەرلەبەری پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتەدا لەبەردەم پرسیاردایەو پرۆسەکە هەمیشە دوچاری تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە.

**٣.** حاڵەتی سێیەم دەکرێت وێنە بکەین هەر بە پێی یاسای پێویستبوون، ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەکرێت بمانخاتە پێگەیەکەوە کە پاڵێوراوەکە هەر زۆر لەو دوو حاڵەتەی پێشوو لاوازتر دێتە بەر چاو، ئەمیش لە کاتێکدا دێتەدی، ئەگەر دەنگدەر هەر لە بنەڕەتەوە بڕیارێکی وەرگرتووە کە پێویستی بە پاڵێوراو نییە، لەم حاڵەتەدا سەرلەبەری پرۆسەی چرکەساتی پێویستبوون سووتاوە بە دەست پاڵێوراوەکەوە و پێویستە پاڵێوراو چەق نەبەستێت بە دەست چرکەساتی پێویستبوونەوە و بکشێتەوە. چونکە هەر لە بنەڕەتدا ئاستی پێویستبوون لای دەنگدەر نەماوە، تاوەکو پاڵێوراوەکە کاری لەسەر بکات.

ئەم نموونەیە زۆر بە جوانی بەرجەستە دەبێت لە گوندێکی دوور لە دەسەڵات کە زۆربەی پێویستییەکانیان نەهاتۆتەدی لە لایەن دەسەڵاتەوە، یاخود لە شارێکدا کە زۆربەی پێویستییەکان نەهێنراوەتەدی لە لایەن دەسەڵاتەوە، یاخود پێویستییەکان بە پێی توانا جێبەجێ کراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام زۆر تەوژمی ئۆپۆزیسیۆن بوون تێیدا ڕوویدابێت و ناوبانگی دەسەڵات تێیدا زڕا بێت، بۆیە پاڵێوراوەکانی حزبێك کە نوێنەری دەسەڵاتن، ناتوانن لە دوو بۆ سێ کورسی زیاتر لە نێوان نزیکەی ملیۆنێك دەنگدەر بەدەست بهێنن لە شارێکدا کە دوچاری زۆر تەوژمی ئۆپۆزیسیۆن بوون بووەتەوە و سەروگوێلاکی دەسەڵات ناشیرین کراوەو هەمیشە تەوژمە ئۆپۆزیسیۆنییەکە بە بەرنامە وێنەی دەسەڵاتی ناشیرین کردووە، ئەمەش گەمەیەکە کە دەبوایە بەو ئاستە کاریگەر نەبوایە هەر لە بنەڕەتەوە، چونکە هەموو ئۆپۆزیسیۆن بوونێك لە جیهاندا لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە هەوڵی سەندنەوەی دەسەڵات بۆ خۆی، چونکە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بەشی هەبوایە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتدا لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، ئەوا هەرگیز چەمکی ئۆپۆزسیۆن بوون (واتە دژە دەسەڵات) لە هیچ جێگەیەکی دنیا دروست نەدەبوو. بۆیە دەنگدەری زیرەك و هێژا دەبێت لای ڕوون بێت باسکردنی دەسەڵات بە وێنەیەکی خراپ تەنیا یەك دەلالەتی هەیە، ئەویش هەوڵدانە بۆ لێسەندنەوەی ئیمتیازەکانی دەسەڵات و زیادکردنیەتی بۆخۆی و چەندین هەوڵ و هەواڵ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە بەشێکیان گەورەکردنی بەشێکی بچووکی ناشیرینییەکانی دەسەڵاتە کە لەوانەیە هەموو دەسەڵاتێك بەشێك لەو ناشیرینییانەی هەبێت لە جیهاندا، بەشێکی دیکەی هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ ناشیرینکردنی دەسەڵات کە بەشە گەورەکەیەتی، هەر لە بنەڕەتەوە فڕی بە ڕاستییەوە نییە.

(خوشك) یان (برای) خۆینەری بەڕێز وابزانم حەق وایە زیاتر بڕوامان بە حیکایەتەکەی دووەم هەبێت، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە هەوڵی ناشیرینکردنی دەسەڵات بۆ ئەوە نییە دەسەڵاتەکەی لێ کەم بکرێتەوە و بدرێت بە دەم ئاوەوە، بەڵکو هەوڵە بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی کە (لۆژیك) لێرەدا پێمان دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن بوون مادام هەوڵە بۆ لێسەندنەوەی ئیمتیازاتی دەسەڵات و ڕفاندنیەتی بۆ خۆی، کەواتە ڕاستی و دروستیی ئەو هەوڵانە کە ئایا لە پێناو «خەڵکیدایە« یان « ئۆپۆزیسیۆن « خۆی کەوتۆتە بەر پرسیارێکی گەورە!



جۆن مۆڵەر، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ولایەتی ئۆهایۆ و توێژەرە لە سەنتەری مارشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەکی و بەرگری، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە شەڕ و ئاشتییەوە، هەروەها پرسە پەیوەندیدارەکان بە تیرۆریزمەوە.

گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند بابەتێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە تەوەرەکانی بریتی بوون لە شەڕی دژ بە تیرۆر بە گشتی و بەرەنگاربوونەوەی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هۆکارە ریشەییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپە تیرۆریستییانە و چۆنیەتی هێنانەدی سەقامگیرییەکی درێژخایەن لەم ناوچەیەدا، لەگەڵ ئەگەرەکانی دووبارە پێکەوەژیان لەنێو گەلان و پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

جۆن مۆڵەر

پسپۆڕی بواری تیرۆریزم بۆ گوڵان:

# چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە بەرپرسیارێتیی گەلانی ناوچەکەی پێویستە و دەبێت خۆیان شان بدەنەبەر ئەو بەرپرسیارێتییە

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا چۆن لە هەوڵ و هەڵمەتەکانی بە گژداچوونەوەی تیرۆر دەڕوانیت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئایا پێتوایە ئەو سیاسەتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا بەتایبەتی گرتوویانەتەبەر لەم رووەوە سیاسەتێکی کارا و کاریگەرە و دەرئەنجامی خوارزاوی لێدەکەوێتەوە؟**

- من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە- بە کێشەی تیرۆریشەوە- بەرپرسیارێتیی گەلانی ناوچەکە خۆیەتی، واتە ئەمریکا لەم رووەوە کارێکی زۆری لەدەست نایەت، بەڵکو دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکان خۆیان شان بدەنەبەر باری ئەم بەرپرسیارێتییە.

*** بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە بەدەست کۆمەڵێك گرووپی توندڕەو و تیرۆریستەوە دەناڵێنێت کە کاولکاری و کوشتارێکی بێ پێشینەیان ئەنجام داوە. ئایا پێتوایە هۆکارە ریشەیی و بونیادییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە چین و چۆن دەکرێت ئەم هۆکارانە چارەسەر بکرێن؟**

- من دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە ئێستادا ئەو گرووپانە کێشە سەرەکییەکە نین، مەبەستم ئەوەیە لە ئێستادا داعش و گرووپەکانی دیکە تا رادەیەکی گەورە تێکشکێندراون، بەڵام هۆکار و ریشەی کێشەکان بریتییە لە ناکۆکیی نێوان کورد و تورك، یان نێوان شیعە و سوننە، هەروەها بوونی رژێمی ئەسەدە لە سووریا. دواتر هۆکاری دەستێوەردانی ئەمریکا لەم شەڕەدا –شەڕی دژ بە داعش- ئەوە بوو ئەو تێڕوانینە لای ئیدارەی ئەمریکا زاڵ بوو کە داعش هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر وڵاتەکە، ئەگەرچی من پێموانییە هەڕەشە بووبێت لەسەر ئەمریکا، لەم روانگەیەشەوە پێموانییە هەوڵ و کۆششەکانی ئەمریکا لە

**ناکرێت بوونی کورد و تورک، یان شیعە و سوننە لەم ناوچەیەدا بسڕینەوە، هەروەها ئەم پێکهاتانە پێشتر پێکەوە ژیاون، بە بێ ئەوەی پەنا بۆ کوشتنی یەکتر ببەن**

**ئەگەر پێشتر مالیکی لە عێراقدا لە بری پەراوێزخستنی سوننە بەدەم خواستەکانیانەوە بچوایە، بە هەمان شێوە ئەمە بۆ کوردیش راستە، ئەوا ئێستا عێراق لە دۆخێکی زۆر باشتردا دەبوو و هەرگیز داعش نەیدەتوانی بەو شێوەیە سەرهەڵبدات**

**ئیرادە و خواستێکی لاواز هەیە لە ئەمریکا بۆ تێوەگلان لە کاروباری ناوچەکە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەمریکا خۆی هۆکاری زۆرێک لە کێشەکان بووە**

رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر یارمەتیدەر بێت لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، بەرپرسیارێتیی چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی گەلانی سووریا و عێراق. دوای ئەوە من پێموایە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سووریادا سیاسەتێکی گەمژانە بووە، چونکە لە کاتێکدا کە وا دەردەکەوێت رژێمی ئەسەد لە سەرکەوتندا بێت، ئەوا باشترین کارێك کە ئەنجام بدرێت بریتییە لە راگرتنی شەڕەکە لەو وڵاتەدا، چونکە لە سووریادا هەموو دۆخێك لە رەوشی شەڕ باشترە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هەوڵی هێنانەئارای ئاشتی بدرێت لە سووریادا بە رێگەدان بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، من ئەمە لەبەر ئەوە ناڵێم کە سەرسامم بە ئەسەد، بەڵام دەبێت هەوڵی ئیحتیواکردنی شەڕ و ناکۆکییەکە بدرێت و شەڕەکە رابوەستێنرێت.

*** هەروەك دەزانن ئەمریکا رۆڵێکی کارا و یەکلاکەرەوەی هەبوو لە شەڕی دژ بە داعش و لە تێکشکاندنی ئەم گرووپەدا، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم سەرکەوتنە سەربازییە کورتخایەن و لەرزۆك دەبێت، ئەگەر هاوشان نەبێت بە هەوڵ و کۆششێکی چڕوپڕی سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە و بنیادنانەوەی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەتوانێت، یان ئامادەیی هەیە لەم رووەوە رۆڵێکی گەورە بگێڕێت؟**

- بە تێڕوانینی من رۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ماوەی بیست ساڵی رابردودا بۆتە هۆی خراپترکردن و ئاڵۆزکردنی زیاتری رەوشەکە، لەبەر ئەوە من یەکێکم لەو ئەمریکاییانەی کە پێموایە دەستێوەردانی ئەمریکا کارەسات و شکستی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لە دوای دەستێوەردانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ و دواترەوە، هەروەها پێشتریش، کە دەستێوەردانی لە ئەفغانستاندا کرد لە ساڵی ٢٠٠١دا. لەم روانگەیەوە تێڕوانینی من ئەوەیە کە باشترین کارێك ئەمریکا بیکات، ئەوەیە کە هیچ کارێك ئەنجام نەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەبەر ئەوەی هەر کاتێك هەوڵی ئەنجامدانی کارێك دەدات لەم ناوچەیەدا، دۆخەکە خراپتر دەبێت و خەڵکانێکی زۆر دەبنە قوربانی.

*** باشە پێتوانییە خۆبەدوورگرتن، یان کشانەوە و پاشەکشەی ئەمریکا لەم ناوچە ستراتیژییە دەبێتەهۆی دروستبوونی بۆشاییەك کە هێزە جیهانی و ئیقلیمییەکانی وەك رووسیا و ئێران هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی رەوشەکە زیاتر ناسەقامگیر بێت؟**

- هەروەك ئاماژەم پێدا، هەر هەوڵ و دەستێوەردانێکی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێموایە دروستبونی بۆشایی باشترە لەوەی ئەمریکا هەوڵی ئەنجامدانی کارێك بدات لەم ناوچەیەدا. واتە من باوەڕم وایە ئەگەری بۆشایی جێ بهێڵدرێت و هێزی دیکە پڕی بکەنەوە، ئیدی رووسیا بێت، یان ئێران، یاخود چین، یان نەرویج، یاخود کۆستاریکا، ئەوا هیچیان هێندەی ئەمریکا نابنە هۆی خراپترکردنی دۆخەکە. کەواتە لەگەڵ ئەو هەموو ئەو شکستانەدا من نازانم بۆچی باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا دەتوانێت چارەسەر بێت بۆ کێشەکانی ناوچەکە. ئەگەر باسی بوونی بۆشایی بکەن، ئەوا هەمیشە بۆشایی هەیە، بەڵام هەر کاتێك ئەمریکا هەوڵی پڕکردنەوەی دابێت، دۆخەکی خراپتر کردووە. دواتر ئیرادە و خواستێکی لاواز هەیە لە ئەمریکا بۆ تێوەگلان لە کاروباری ناوچەکە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەمریکا خۆی هۆکاری زۆرێك لە کێشەکان بووە. هەروەها هۆکاری سەرەکیی تێوەگلان و دەستێوەردانی ئەم دواییەی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە داعشدا ئەوە بوو کە ئەمریکا پێیوابوو ئەگەر ئەم کارە نەکات، ئەوا داعش دەگاتە واشنتۆن، یان میزوری، ئێستاش کە هەڕەشەی داعش لەناو چووە، کاتی ئەوەیە ئەمریکا بە تەواوەتی دەست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگرێت. هەروەها من دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم کە بۆچی بمانەوێت هێزێك لە ناوچەکەدا بێت کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا تەنیا بۆتەهۆی ئاڵۆزترکردنی رەوشەکە؟

*** ئەی پێتوایە ئەمریکا چ جۆرە سیاسەت و رێککارێك لە ئاست ئێراندا دەگرێتەبەر، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرۆکی ئەمریکا و بەرپرسە باڵاکانی کۆشکی سپی هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئێران سەرچاوەی ناسەقامگیرییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەگەر ئێمە لە بانگەشەکەی ئیدارەی ئەمریکا وردبینەوە، کە دەڵێت ئێران سەرچاوەی ناسەقامگیرییە، ئەوا رۆڵی لایەنەکانی دیکە نادیدە دەگرین لەم رووەوە کە ئەوانیش بەشی خۆیان بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت لە دروستبوونی کێشەکاندا، ئیدی سعودیە، بێت، یان کوەیت، یان تورکیا، یان کورد، یان شیعە و سوننە. ئەو چارەسەرەی من ئومێدی بۆ دەخوازم، ئەوەیە

کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە هەر دۆخێك لە هەلومەرج و لە رەوشی شەڕ باشترەو لە ئەنجامی شەکەتبوونیان بە دەست دۆخەکە ئەوەیان بێتەوە یاد کە ئەوان پێشتر پێکەوە ژیاون و لە ئایندەشدا دەتوانن پێکەوە بژین. بەڵام ئەمریکا کارێکی زۆری لەدەست نایەت بۆ هاوکاریکردنیان لەو پرۆسەیەدا، بەڵکو ئەمە بەرپرسیارێتی و ئەرکی خەڵکی ناوچەکەیە. بۆ نموونە دەکرێت شیعە و سوننە لە عێراقدا بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن، ئەگەرچی ئەمە تەحەددیەکی گەورەیە، هەروەها لە سووریاش. هەروەها ئەگەر پەکەکە دەست لە تیرۆر هەڵبگرن، ئەوا ئەمەش دۆخەکە بەرەو باشتر دەبات. کەواتە ئەگەر خەڵکی ناوچەکە خۆیان بەو ئاراستەیە کار ناکەن، ئەوا هێزە دەرەکییەکان کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نایەت لەم رووەوە.

*** ئێوە چەند جارێك ئاماژەتان بەوە کرد کە هەر دۆخێك لە دۆخی شەڕ باشترە، بەڵام هەروەك دەزانن لە ئێستادا چەند شەڕێك لەم ناوچەیەدا لەئارادان، بۆ نموونە شەڕی ناوخۆیی سووریا کە تا دێت خوێناویتر و سەختتر دەبێت، پێتوایە چۆن دەکرێت کار بۆ راگرتنی ئەم شەڕانە بکرێت لەم ناوچەیەدا؟**

- لە راستیدا ئەمە بەرپرسیارێتیی خەڵکی ناوچەکەیە، چونکە ئەگەر جارێکی دیکە مالیکییەك دروست ببێتەوە و دەست بداتە دوورەپەرێزکردن و پەراوێزخستنی سوننە و ئەگەر پەکەکە بەردەوام بن لە کاری تیرۆریستی و بەم شێوەیە تورك لە خۆیان دووربخەنەوە، ئەوا کێشەکان بەردەوام دەبن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەری باشتربوونی دۆخەکە، یان سەقامگیربوونی رەوشەکە لەئارادا نابێت، ئەگەر خەڵکی ناوچەکە خۆیان هەوڵی بۆ نەدەن.

*** کەواتە پێتوایە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە لە ئەستۆی گەلانی ناوچەکەیە؟**

- ئەمە راستە، چونکە ئەگەر خۆیان کار بۆ هێنانەدی سەقامگیری نەکەن، هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت لەبری ئەوان ئەم کارە بکات، ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا لەم رووەوە، بەڵام تەنیا ناسەقامگیریی زیاتری لێکەوتەوە. کەواتە بەلای منەوە بیرکردنەوەیەکی گەمژانەیە ئەگەر پێمانوابێت ئەمریکا دۆخەکە باشتر دەکات نەك خراپتر. بۆ نموونە لە پەیوەندی بە شەڕی سووریاوە، ئەوا پێدەچێت ئەسەد سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و داعشیش لەو وڵاتەدا تێکشکاوە، ئێستاش ئەوە ئەرکی خەڵکی وڵاتەکەیە کە دووبارە نیشتمانی خۆیان بنیاد بنێنەوە، پێموانییە هێزە دەرەکییەکان بتوانن هاوکار بن لەم روەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هێزە دەرەکییەکان ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن ئەگەر خەڵکی وڵاتەکە نەیانەوێت ئەمە رووبدات. چونکە ئەگەر لە وڵاتەکەدا کەسێکی وەك مالیکی هەبێت کە سیاسەتێکی خراپی پیادە دەکرد، ئەوا کێشەکان بەردەوام دەبن.

**سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سووریادا سیاسەتێکی گەمژانە بووە، چونکە لە کاتێکدا کە وا دەردەکەوێت رژێمی ئەسەد لە سەرکەوتندا بێت، ئەوا باشترین کارێك کە ئەنجام بدرێت بریتییە لە راگرتنی شەڕەکە لەو وڵاتەدا**

*** باشە ئایندەی ئەم ناوچەیە چۆن دەبینیت؟ ئایا ئومێدێك ماوە بۆ باشتربوونی دۆخەکە، یاخود پێتوایە رەوشەکە خراپتر دەبێت؟**

- بەلای منەوە خراپترین سیناریۆ ئەوەیە ئەو پشێویەی ئێستا بەردەوام باڵ بکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، ئومێدی منیش ئەوەیە کە خەڵکی ئەوەیان بێتەوە یاد کە درێژەکێشانی ئەو پشێوییە کارەساتی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر پێشتر مالیکی لە عێراقدا لە بری پەراوێزخستنی سوننە بەدەم خواستەکانیانەوە بچووایە، بە هەمان شێوە ئەمە بۆ کوردیش راستە، ئەوا ئێستا عێراق لە دۆخێکی زۆر باشتردا دەبوو و هەرگیز داعش نەیدەتوانی بەو شێوەیە سەرهەڵبدات و بەو چەشنە پشتیوانی بەدەست بهێنێت لە نێو سوننەکاندا.

*** کەواتە پێتوایە بەشێکی گەورەی کێشەکان بۆ گرتنەبەری سیاسەتی تایفەگەری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە کەسانی وەك مالیکی پیادەیان کردووە؟**

من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناکرێت بوونی کورد و تورك، یان شیعە و سوننە لەم ناوچەیەدا بسڕینەوە، هەروەها ئەم پێکهاتانە پێشتر پێکەوە ژیاون، بە بێ ئەوەی پەنا بۆ کوشتنی یەکتر ببەن، خۆ ئەگەر بێت و جارێکی دیکە ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێت کە پێکەوە بژین، ئەوا ئەمە دەبێتە دەروازەی چارەسەر. چونکە ئەگەر ئێمە لەو راستییە بڕوانین کە هەمیشە شیعە و سوننە لە شەڕدا نەبوون لەگەڵ یەکتر و هەمیشە سەرقاڵی کوشتنی یەکتری نەبوون، ئەوا دەکرێت بڵێین جارێکی دیکە دەتوانن پێکەوە بژین. بەتایبەتی کە لە ئێستادا شەڕەکە تا رادەیەکی گەورە کۆتایی هاتووە و داعش تێکشکاوە، بەڵام ناسەقامگیرییەکی لەرزۆك لەئارادایە و ئێستاش ئەرکی هەموو لایەکە کە دۆخەکە بەرەو باشتر ببەن.

**لە ئێستادا داعش و گرووپەکانی دیکە تا رادەیەکی گەورە تێکشکێندراون، بەڵام هۆکار و ریشەی کێشەکان بریتییە لە ناکۆکیی نێوان کورد و تورك، یان نێوان شیعە و سوننە**

# میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا

## سیاقی مێژوویی و بژارەکانی ئەمریکا



**نووسینی: مایکڵ نایتس و عومەر ئەل نیداوی**

لە سایتی "Washington Institute for Near East Policy" بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی پێویستە ئەمریکا ئەنجامی بدات لەبارەی هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵین و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی میلیشیاکانی عێراقەوە، بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی هێمنانە کە بە باشی پلانی بۆ دارێژدرا بێت، دەبێت ئەمریکاش بزانێت لە کوێدا مرونەت دەنوێنێت و لە کوێدا سەرسەختانە پێ دادەگرێت.

لە ئێستادا سەرەڕای ئەوەی هێرشەکانی داعش لە حەوت پارێزگا لە هەژدە پارێزگاکەی عێراقدا بەردەوامە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەرکی جڵەوکردنی میلیشیا سەرەڕۆکانی بە هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەت سپاردووە. لەم هەفتانەی دواییدا، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئەرکی چەکداماڵینی ئەو میلیشایانەیان خرایە ئەستۆ کە لە شاری دوزخورماتوو- کە ناسەقامگیری باڵی بەسەردا کێشاوە- و بەسەرەدا جموجووڵ و چالاکییان هەبوو- ئەوەش دوایین ئەڵقەی ئەو بازنەیەیە کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان پیادەیان کردووە، واتە لە سەرەوەختی لاوازیدا پشتیان بە میلیشیاکان بەستووە، کاتێکیش بەهێز بوون هەوڵی جڵەوکردنیان داون. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ساتەوەختەی ئێستا کە تێیدا میلیشیاکان لە پێگەیەکی بەهێزدان، چرکەساتێکی مەترسیداری بێ وێنە نییە لە سیاقێکی مێژووییدا و ئایا ئەمریکا دەتوانێت بۆ شکاندنی ئەم بازنەیە هاوکاری بەغدا بکات؟




## ● میلیشیاكان له رابردووی عێراقدا

بە درێژایی مێژووی عێراق چەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوونی هەبووە. مەلیك فەیسەڵی یەكەم لە ساڵی ١٩٣٣ گلەیی ئەوەی دەكرد كە هۆزەكان ١٠٠ هەزار تفەنگیان هەیە، لە كاتێكدا حكومەت تەنیا ١٥ هەزار تفەنگی هەیە. بەڵام لە كۆتاییدا سامانی نەوت ئەم لاسەنگییەی پێچەوانە كردەوە، ئەگەرچی بوونی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان، شیعە یاخیبووەكان- كە ئێران پشتیوانیان دەكات- و قاچاخچی خێڵەكییەكانی سەر سنووری عێراق و سووریا بەردەوام بەرهەڵستیی دەسەڵاتی دەوڵەتیان دەكرد لەسەردەمی حوكمڕانیی حزبی بەعسدا.

رژێمەكەی سەدام حوسێن وەڵامی ئاگری بە ئاگر دەدایەوە، لە رێی دروستكردنی میلیشیای عەرەبی و كوردییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزە مەحەلییانەی كە لە دەرەوەی كۆنترۆڵی خۆیدا بوون. لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا، حزبی بەعس دەستیكرد بە دابەشكردنی چەك و تەقەمەنی بەسەر ئەو میلیشیایانەی دەوڵەت پاڵپشتی لێدەكردن، وەك جیش الشعبی (سوپای گەل). لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا كاتێك لە شەڕدا بوون لەگەڵ هاوپەیمانەكان- كە ئەمریكا سەركردایەتی دەكردن-، رژێمەكە دەستی دایە چەكداركردنی (فیداییانی سەدام) و (سوپای قودس). دەزگای ئەمنیی رژێمەكە

هاوکاری میلیشیاکانی فیداکارانی کرد، بەڵام زۆر بە خێرایی گۆڕان بۆ مەترسی و هەڕەشە بەهۆی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدا، بە جەشنێك کە سوپای فەرمیی عێراق زۆر بە بێزارییەوە لێی دەڕوانین.

دوای ساڵی ٢٠٠٣، نۆرەی واشنتۆن هات بۆ پشتبەستن بە میلیشیاکان. ئەمە لە کاتێکدا بە گوێرەی ماددەی ٩ی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بوونی ئەم هێزانە ناشەرعی و نارەوایە کە دەقی ئەم ماددەیە دەڵێت «دروستکردنی میلیشیای سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارەکان قەدەغەیە.» میلیشیاکان بە دوو شێواز کاردانەوەیان هەبووە لەبەرامبەر ئەم قەدەغەکردنەدا. هەندێکیان- دیارترینیان بەتالیۆنەکانی بەدر کە ئێران پشتیوانییان دەکات- بە لێشاو چوونە نێو هێزە ئەمنییە فیدراڵییەکانەوە لە پرۆسەیەکدا کە ناوی لێنرا: «الدمج» (ئاوێتەکردن). لە دەرئەنجامدا، فیرقەی ٥ی سوپا لە دیالە ئینتیمایەکی ئاشکرای بۆ بەدر بۆ دروست بوو. هەروەها ئەم گرووپە کەسانی خۆی خزاندە نێو وەزارەتە سەرەکییە فیدراڵییەکان و دەزگا هەواڵگرییەکانەوە. بە هەمان شێوە، پتر لە بیست بەتالیۆنی پێشمەرگە لە ناوچەی کوردنیشینی باکووردا بوونە «بەتالیۆنەکانی پاسەوانی هەرێم» بە گوێرەی ماددەی ١٢١ی دەستوور، ئەمە لە کاتێکدا هەندێ لە بەتالیۆنەکانی سوپا کە لە باکووردا نیشتەجێ بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە پێشمەرگە بوون، تەنیا بە ناو نەبێت. ئەگەرچی میلیشیاکانی دیکە بە ئاشکرا لە دەرەوەی چوارچێوە فیدراڵییەکە مانەوە. لە نێو پێشمەرگەدا، دوو یەکە هەن کە ژمارەیان تا ڕادەیەکی گەورە یەکسانە و سەربەخۆن لە بەتالیۆنەکانی پاسەوانی هەرێم کە بە فەرمی ئیعتراف بەمەی دواییان کراوە، ئەوانیش بریتین لە: یەکەی ٧٠ ئەو یەکەیەی پەیوەستە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکەی ٨٠ سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە. هەردوو هێزەکە تانك و تۆپ و چەکی قورسیان هەیە کە بۆ دەوڵەتی عێراق ئاشکرا نەکراوە. لە نێو شیعەکانیشدا شوێنکەوتووەکانی موقتەدا ئەل سەدر خاوەنی میلیشیایەکی گەورەن، جیش المهدی (سوپای مەهدی)، کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا دوو ڕاپەڕینیان لە چەند پارێزگایەکدا کرد، هەروەها تۆڕێکی بەهێزی بە قاچاخبردنی نەوتیان لە بەسرە پەرە پێدا و لە کۆتاییدا دابەش بوو و «عصائب اهل الحق»ی لێ جیابۆوە کە هێزێکی پشتیوانیکراوە لەلایەن ئێرانەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە گرووپە سوننە یاخیبووەکانەوە، زۆرێك لەو گرووپانەش لە بنەڕەتدا باڵی چەکداری لایەنە خێڵەکییەکان و کادری ڕژێمی پێشوو بوون و لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی کار و چالاکییان ئەنجام دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ میلیشیا جۆراوجۆرەکان دوچاری شکست بوونەوە. (جیش المهدی و عصائب اهل الحق) ڕووبەڕووی شکستی سەربازی بوونەوە لەسەر دەستی سوپای عێراقی پشتیوانیکراو لەلایەن ئەمریکاوە، ئەویش لە چەند هەڵمەتێکی گەورەی ئەمنیدا وەك ئۆپەراسیۆنی (صولة الفرسان) لە بەسرە. بۆ تێکشکاندنی یەکەم دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی، حکومەتی عێراق قەناعەتی بە هەندێ لە یاخیبووە سوننەکان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجومەنەکانی سەحوەوە بکەن و لە چەند یەکەیەکدا ڕێکیانخستن وەك «ابناء العراق» ( ڕۆڵەکانی عێراق). لە هەمان کاتدا یاسا بەرکارەکانی عێراق ڕێگەیان داوە عێراقییەکان تەنیا یەك تفەنگ و یەك مەخزەن فیشەکیان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا هەبێت، هەروەها ڕێکاری توند دەکرا بۆ ئەو چەك و ئۆتۆمبێلە زرێپۆشانەی بەدەست کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتییەکانەوە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت بە خێرایی جڵەوی میلیشیاکانی لە دەستدا. ڕۆڵەکانی عێراق هەڵوەشێنراوە و تا ڕادەیەکی گەورە پشتیان تێکرا، کە ئەوانیش بوونە نێچیری دەوڵەتی ئیسلامی کاتێك لە ساڵی ٢٠١١دا سەریهەڵدایەوە. لە هەمان کاتدا، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سووریا هاوشان بە لاوازکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ڕێگەی بە سیاسیکردنی ئەو هێزانە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی تێیاندا کە دۆخێکیان دروستکرد، بەغدا ناچار بێت پشت بە میلیشیا شیعەکان ببەستێت وەك «عصائب اهل الحق»، سەدرییەکان و ڕێکخراوی بەدر و «کتائب حزب الله». لە ساڵی ٢٠١٢دا خاڵی پشکنینی میلیشیاکان لە شارەکانی عێراق دەرکەوتنەوە و سەرکردەکانی

دوای کشانەوەی سەربازیی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١، ئەمریکا توانایەکی زۆری لەدەستدا بۆ تێگەیشتن لەوەی لە واقیعی عێراقدا چی دەگوزەرێت

ئەو هەواڵانەی ئەم دواییە کە باس لەوە دەکەن ٩ تانکی M1 ئەبرامزی ئەمریکا دراونەتە دەست دەزگای حەشدی شەعبی، حاڵەتێکە کە پێشێلکردنێکی زەقی مەرجەکانی ئەمریکایە

بە پێچەوانەی پێشمەرگە، یان هێزەکانی سەحووەوە هەندێ لەو گرووپانەی ئێران پشتیوانیان لێدەکات و بە ئاشکرا هەڕەشە لە ئەمریکا دەکەن لە عێراقدا. پێویستە بخرێنە لیستی ئەو ڕێکخراوانەوە کە ئەمریکا بە تیرۆریستیان دەزانێت

میلیشیاکان سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆیان پیادە دەکرد بە دەستتێوەردانیان لە شەڕی سووریادا.

**● ئایندەی میلیشیاکان لە عێراقدا**

کاتێك دەزگای حەشدی شەعبی لە تەمووزی ٢٠١٤داو لە نێو نووسینگەی سەرۆك وەزیراندا بە فەرمی دامەزرا، ئەوا بووە چەترێك بۆ ژمارەیەکی زۆر میلیشیا جۆراوجۆرەکان، لە نێویاندا (هێزەکانی حەشدی شەعبی) کە تا رادەیەکی گەورە هێزگەلێکی شیعەن و گرووپەکانی حەشدی عەشایەری کە زۆربەیان سوننەن، لەگەڵ حەشدی وەتەنی. لە «چوارچێوەی هێزە چەکدارەکاندا» دەزگای حەشدی شەعبی ١٥٠ هەزار میلیشیای خستۆتەسەر لیستی مووچەخۆرانی حکومەت و پێگەی یاساییشی پێداون، بەڵام لە هەمان کاتدا بە رواڵەت ملکەچی کردوون بۆ فەرماندەیی سەرۆك وەزیران و دیسپلینی سەربازی بەسەر هێزەکانیدا سەپاندووە. بە پێچەوانەوە پێشمەرگەکانی نێو بەتالیۆنەکانی پاسەوانی هەرێمی مووچەیان لەلایەن بەغداوە بۆ دەستەبەر نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی بە ناو بەشێکن لە هێزە چەکدارەکان.

یەکێك لەو بژارانەی تاوتوێکراوە لە بەغدا بچووككردنەوەی دەزگای حەشدی شەعبییە بۆ کەمکردنەوەی بودجەکەی لە ساڵی ٢٠١٩دا. (لە بودجەی ساڵی ٢٠١٨دا ١,٦٣ ملیار دۆلار بۆ ئەم دەزگایە تەرخان کراوە). بە گوێرەی ئەم پلانە، هێزەکانی سەر بە دەزگای حەشدی شەعبی هەنگاو بە هەنگاو دەکرێنە سەر گرووپی لاوەکی:

● ئەو گرووپانەی ئاوێتەی هێزە چەکدارەکان دەکرێن. هەندێ لە میلیشیا چالاکەکانی دەزگای حەشدی شەعبی دەچنە نێو سوپا و بەشی پاسەوانی سنوور و پۆلیسی ئیتیحادی و هێزی پۆلیسی ناوخۆیی و هێزەکانی دیکەی دەوڵەت.

● هێزی یەدەگی هەمیشەیی دەزگای حەشدی شەعبی. شەڕکەرە بە تواناکانی دیکە درێژە بە مانەوەیان دەدەن لە سایەی دەزگای حەشدی شەعبیدا، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدرێت ببنە هێزێکی پڕۆفیشناڵی یەدەگ، کە ئەگەری ئەوە هەیە نیو دەوامیان پێبکرێت، یاخود تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێن.

● میلیشیا سەربەخۆکان. ئەو میلیشیایانەی دیکەی سەر بە دەزگای حەشدی شەعبی لەسەر ئەم دەزگایە نامێنن و ناویشیان لە لیستی مووچەخۆرانی حکومەتدا دەسڕێتەوە، بەڵام رێگە بە مانەوەیان دەدرێت تا ئەو کاتەی چەکە قورسەکانیان لە بنکە دیاریکراوەکاندا دەپارێزن و دەست لە هەموو چالاکییەکی سەربازی هەڵدەگرن. ئەم میلیشیایانەش رەنگە باشترین یەکە چەکدارەکانی رێکخراوی بەدر، «عصائب اهل الحق و کتائب حزب الله» لەخۆ بگرن، کە پشتیوانی لە ئێرانەوە بەدەست دەهێنن. کە رەنگە ئەمە مایەی نیگەرانی بێت بۆ ئەمریکا. بەڵام هەرچۆنێك بێت رەنگە حکومەتی عێراقی بە چەشنی یەکە سەربەخۆکانی پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کە بەغدا هەوڵی جددی نادات بۆ هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵام نە مووچەشیان بۆ دەستەبەر دەکات و نە راهێنانیان پێدەکات و نە کەلوپەلیشیان پێدەدات.

**● ئاکامەکانی میلیشیاکان بۆ سیاسەتی ئەمریکا**

مێژوو پێمان دەڵێت کە پشتبەستنی عێراق بە میلیشیاکان دیاردەیەکە دووبارە دەبێتەوە و پرسی هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵین و دووبارە ئاوێتەکردنەوە تەحەددیەکی بەردەوامە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمجارەیان دۆخەکە بە چەشنێکی نیگەرانکەر جیاوازە، چونکە کاتێك پێشتر حکومەت پشتیوانی ئەو میلیشیایانەی دەکرد کە بە رادەیەکی گەورە هێزی دەوڵەتی عێراق بوون (ئەگەرچی نیمچە سەربەخۆش بوون)، بەڵام ئەمجارەیان هەندێ لەو هێزانە خۆیان وەك وەکیلی هێزێکی دەرەکی راگەیاندووە و پشتیوانی دارایی و ماددی و راوێژکاری لە دراوسێیەکی بەهێزەوە بەدەست دەهێنن، کە ئێرانە. لە راستیدا دەبێت چارەنووسی میلیشیاکانی عێراق لە دەستی عێراقی خاوەن سەروەریدا بێت، بەڵام لە ئێستادا گومان هەیە لەبارەی ئەوەی عێراقییەکان خۆیان بە تەنیا بڕیار بدەن لەبارەی چارەنووسی چەند گرووپێکەوە، وەك «عصائب اهل الحق و رێکخراوی بەدر و «کتائب حزب الله».

ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی و دەستەبەرکاری هاوکاری و یارمەتی هەموو مافێکی هەیە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا باس لەو فاکتەرانە بکات کە دەبنە هۆی ئاسانترکردنی هاوکاریی ئەمنی دووقۆڵی، یاخود بە پێچەوانەوە

**هێشتا ئەمریکا پێویستی بەوەیە لە سنووری چەند هێڵێکی سووردا کاربکات، کە بە باشی دارێژدرابێتن، ئەگەرنا کارێک دەکات کە ئەوەندەی دیکە ئەو میلیشیایانە بخزێنە نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە کە ئێران پشتیوانییان لێدەکات**

**مێژوو پێمان دەڵێت کە پشتبەستنی عێراق بە میلیشیاکان دیاردەیەکە دووبارە دەبێتەوە و پرسی هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵین و دووبارە ئاوێتەکردنەوە تەحەددیەکی بەردەوامە**

**حەشدی شەعبی ١٥٠ هەزار میلیشیای خستۆتەسەر لیستی مووچەخۆرانی حکومەت و پێگەی یاساییشی پێداون، بەڵام لە هەمان کاتدا بە رواڵەت ملکەچی کردوون بۆ فەرماندەیی سەرۆک وەزیران و دیسپلینی سەربازی بەسەر هێزەکانیدا سەپاندووە**

دەبنەهۆی ئەوەی درێژەدان بەو هاوکارییە دژوار بێت. لەبەر ئەوە پێویستە ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە ببنە سەرمەشقی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست میلیشیاکاندا:

● مامەڵەکردنی پراگماتییانە. لە رووی مێژووییەوە، واشنتۆن کاری لەگەڵ میلیشیا عێراقییەکاندا کردووە، کاتێک ئەم هاوکاریکردنە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بووبێت و کاتێک ئەو گرووپانەش لە ژێر فەرماندەیی و کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا بووبێت. کاتێکیش بە گونجاوی زانیبێت، ئەوا چاوپۆشی کردووە لە بوونی چەند میلیشیایەکی گەورەی دەرەوەی دەستوور، وەك یەکە سەربەخۆکانی پێشمەرگە، بە هەمان شێوە هاوکاری کردووە لەگەڵ ئەو میلیشیایانەی تاوانبارن بە هێرشکردنەسەر هێزەکانی ئەمریکا لە رابردوودا، ئەمە ئەگەر هاتوو وا لێکدرایەوە کە هیچ هەڕەشەیەك دروست ناکەن لە ئایندەدا، هەروەها ئەوەی لە سەروەختی هەڵمەتەکانی سەحوەدا بینیمان، بە هەمان شێوە لە سەروەختی داگیرکردنەکەدا لە ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١١) و لە میانەی هەڵمەتەکاندا دژی داعش لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ کاری لەگەڵ ئەو یەکانەی سوپای عێراقدا کرد کە پڕکرابوون لە میلیشیاکان. پێویستە ئەم پێوەرانە- ملکەچبوون بۆ فەرماندەیی حکومەت و دروستنەکردنی هەڕەشە لە ئایندەدا- بەردەوام ببنە سەرمەشقی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ میلیشیاکانی عێراقدا.

**پێشمەرگەکانی نێو بەتالیۆنەکانی پاسەوانی هەرێمی مووچەیان لەلایەن بەغداوە بۆ دەستەبەر نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی بە ناو بەشێکن لە هێزە چەکدارەکان**

● دانانی هێڵی سوور. جگە لە مرونەت و پراگماتی بوون، هێشتا ئەمریکا پێویستی بەوەیە لە سنووری چەند هێڵێکی سووردا کاربکات، کە بە باشی دارێژدرابێتن، ئەگەرنا کارێك دەکات کە ئەوەندەی دیکە ئەو میلیشیایانە بخزێنە نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە کە ئێران پشتیوانییان لێدەکات. چونکە بە پێچەوانەی پێشمەرگە، یان هێزەکانی سەحوەوە هەندێ لەو گرووپانەی ئێران پشتیوانیان لێدەکات، وەك «عصائب اهل الحق و کتائب حزب الله» بە ئاشکرا هەڕەشە لە ئەمریکا دەکەن لە عێراقدا. بەو پێیە پێویستە «عصائب اهل الحق» و گرووپەکانی وەك «حرکە النجباء» لە پاڵ «کتائب حزب الله» بخرێنە لیستی ئەو رێکخراوانەوە کە ئەمریکا بە تیرۆریستیان دەزانێت، هەروها پێویستە سەرکردەکانیشیان بخرێنە خانەی تیرۆریستانەوە. پێویستە هەر هێرشکردنێك بۆ سەر ئەمریکا هێڵی سوور بێت- کە ببێتەهۆی ئەوەی کاردانەوەیەکی تەواوی لێبکەوێتەوە کە بژارەی هێرشکردنەسەر بەرژەوەندییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران لە ناو عێراق و دەرەوەی عێراق لەخۆ بگرێت. هەروەها دەبێت پاراستنی تەکنەلۆجیای هەستیاری ئەمریکی یەکێکی دیکە بێت لە هێڵە سوورەکان. ئەو هەواڵانەی ئەم دواییە کە باس لەوە دەکەن ٩ تانکی M1 ئەبرامزی ئەمریکا دراونەتە دەست دەزگای حەشدی شەعبی، حاڵەتێکە کە پێشێلکردنێکی زەقی مەرجەکانی ئەمریکایە.

**درێژایی مێژووی عێراق چەک لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوونی هەبووە. مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٣٣ گلەیی ئەوەی دەکرد کە هۆزەکان ١٠٠ هەزار تفەنگیان هەیە، لە کاتێکدا حکومەت تەنیا ١٥ هەزار تفەنگی هەیە. بەڵام لە کۆتاییدا سامانی نەوت ئەم لاسەنگییەی پێچەوانە کردووە**




● بچووککردنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی دەزگای حەشدی شەعبی. پێویستە ئەمریکا پشتیوانی لە هەوڵە لەسەرخۆ بەڵام جێگیرەکانی عێراق بکات بۆ هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵین و دووبارە ئاوێتەکردنەوە کە ئەمەیان زیاتر ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دەرئەنجامی هەبێت بە بەراورد بە ئەنجامدانی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی هاوشێوەی «صولة الفرسان»ی ساڵی




٢٠٠٨- کە زۆری نەمابوو شکست بهێنێت، تا ئەو کاتەی ئەمریکا پشتیوانییەکی سەربازی گەورەی لێکرد- هاوپەیمانان دەتوانن تەکنەلۆژیای تۆماری بایۆمەتری بۆ عێراق دەستەبەر بکەن بۆ باشترکردنی ئیدارەدانی کاروبار و مووچەکانی دەزگای حەشدی شەعبی. لەبەرامبەر ئارامگرتن و هەوڵی بەردەوامی عێراق بۆ ئاوێتەکردنی میلیشیا دڵسۆزەکان و گۆشەگیرکردنی یاخیبووەکانیان، پێویستە واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی بەغدا دڵنیا بکەنەوە کە ئەوان پلانیان هەیە بۆ پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی هێزەکانی عێراق لە حاڵەتی ڕوودانی شەڕێکی گەورە لەگەڵ میلیشیاکان لە پایتەخت، یان هەر شوێنێکی دیکە.

● ئاگادار بوون لە ڕەوشەکە. دوای کشانەوەی سەربازیی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١، ئەمریکا توانایەکی زۆری لەدەستدا بۆ تێگەیشتن لەوەی لە واقیعی عێراقدا چی دەگوزەرێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، پێویستە ئەمریکا هەوڵێکی گەورەی هەواڵگری- مرۆیی و تەکنەلۆژی- بخاتەگەڕ بۆ تێگەیشتن لەوەی ئایا بە ڕاستی میلیشیاکان سەرقاڵی چین لە بەغدا و بەسرەی دەوڵەمەند بە نەوت و لەسەر سنوورەکانی سووریا و ئێران. بەشێکی ئەم هەوڵە چاودێریکردن لەخۆدەگرێت بۆ هەر هەوڵێکی ئێرانی — یان لە ڕێی وەکیلەکانیەوە- بۆ دروستکردنی ڕاڕەوێکی زەمینی لەسەر ئەو سنوورانە. هەروەها دەبێت ئەمریکا تەرکیز لەسەر ئەوە بکات کە چۆن سەرکردەکانی میلیشیاکان لە ساتەوەختە گرنگەکاندا بڕیاری عێراقی دادەڕێژن بە چەشنی بڕیاری پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەگەڵ کورددا لە کەرکووک. لە کۆتاییدا، بوارێکی زۆر هەیە بۆ باشترکردنی توانای هەواڵگری عێراق بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ بارودۆخەکە تەکتیکییەکان لە نێویاندا کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی جموجووڵ و شوێنی چەکە قورسەکان، ناوەندی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، تەقەمەنی و شەڕکەرەکانی سەر بە میلیشیا سەرەکییەکان.



دڵشاد پیرۆت عەزیز

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# ئەگەر تەعریبی کەرکووک و گەمارۆ و سزای سەر گەلی کورد بەردەوام بێت عێراق وەکو دەوڵەت هەڵدەوەشێتەوە

**تا دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، ئاسایشی شارەکە سەقامگیر نابێت و پرۆسەی تەعریبیش ناوەستێت**

**دۆخی ئارامی و ئاسایشی کەرکووك لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تا دێت بەرەو خراپتر دەچێت، ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو عەسکەرتاریەتییەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە روودەدات کە پێکهاتەی کوردیان لە شارەکەدا کردۆتە ئامانج و ماڵ و حاڵی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانیان داگیرکردووەو چەندین پۆستی ئیدارییان لەو شارەدا بە نایاسایی لە دەستی کورد دەرهێناوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دڵشاد پیرۆت عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بۆ نەوت و وزە کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە شاری کەرکووك بەدەست چەندین کێشەی ئەمنی و سەربازی و سیاسییەوە دەناڵێنێت؛ تەنانەت ئەنجومەنی پارێزگاکە ناتوانێت کۆببێتەوەو بەکارو ئەرکەکانی سەرشانی هەڵسێت، وەکو ئەندامێکی ئەو ئەنجومەنە چۆن دەڕوانیتە بارودۆخەکە؟**

- جێگای داخە کەرکووك بە بارودۆخێکی خراپ و نائارامدا تێپەڕ دەبێت، جگە لەوەی پارێزگار و ئەنجومەنەکە ناتوانن بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان هەڵسن و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانیش لەئاست پێویستدا، دۆخی ئاسایش و ئارامیی کەرکووك مەترسیدارە، کاری رفاندن و کوشتن و هەڵکوتانە سەرماڵی خەڵکی بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك داناوە. هەر ئەم دۆخەشە وایکردووە ئاوارەکان نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، چونکە ئەو کوردانەشی کە ئێستا لەشارەکەدا ماون، بە هیچ شێوەیەك متمانەیان بەدۆخەکە نییە، ئەوەتا لەچەند رۆژی رابردوودا چەندین کەس رفێندراوە و کوژراوەو هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵکی بەردەوامە، لێدوانەکانی لیستی تورکمانی و ئیسماعیل حەدیدی و جێگری پارێزگاری کەرکووك هەمووی ئەو راستییانە دەردەخەن کە شانە خەوتووەکانی داعش دەرکەوتوونەتەوەو دەستیان بەکاری تیرۆرستی کردۆتەوە.

*** ئێستاکە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لە هەولێرو سلێمانی ئاوارەن و ئەوانەشی لە شاری کەرکووك ماون، لەبەر مەترسی لەسەر ژیانیان ناتوانن بەکارەکانی سەرشانی خۆیان هەڵسن، ئایا وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك چی لە بەرنامەتاندایە بۆ ئاسایبوونەوەی دۆخەکە؟**

- لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەداوە، شاندێکی ئەنجومەنەکە لە هەولێر سەردانیان کردین و گفتوگۆمان لەسەر دۆخەکە کرد، بەڵام تەنانەت نەمانتوانی کۆببینەوە کە بڕیار وابوو، لە قەرەهەنجیر، یاخود لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنەکە کۆببێتەوە، بەمشێوەیە تا ئێستا ئەندامانی ئەنجومەنەکە پەرتەوازە بوون و ئەو ئەندامانەی لە شاری هەولێرن ناتوانن کۆببنەوە، چونکە ژمارەیان ناگاتە (نیوە +١)، لەم دۆخەدا نازانرێت راوبۆچوونی لیست و فراکسیۆن و ئەندامەکانیش لەسەر دۆخی کەرکووك و ئەم کارەساتە چییە. ئێمە لە لیستی برایەتی لە ئەنجومەنەکەدا کە لە پێکهاتەی کورد و تورکمان و عەرەبیش پێکهاتووە، دژایەتی توندمان دەکرێت، چونکە دژایەتییەکە لە پڕۆسە سیاسییەکەی کەرکووکدا زیاتر لەسەر بنەمای کوردستانیبوونی کەرکووکە. سەبارەت بەلابردنی پارێزگاری هەڵبژێردراوی کەرکووکیش لەمەدا بەغدا بەئاشکرا پێشێلکارییەکی دەستووری ئەنجام داوە، چونکە دەبوایە بەغدا بە نووسراوی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگاکەی ئاگادار بکردایەتەوەو تێیدا ئاماژەی بەو هۆکارانە بکردایە کە بە هۆیەوە بڕیاری لادانی پارێزگار دەرچووە،

هەربۆیە لابردنی پارێزگار مەسەلەیەكی سیاسییە و ئێمەش قبوولّمان نەكردووە.

*** ئایا ئیدارەی شارێكی وەكو كەركووك بەبێ پارێزگار بەڕێوەدەچێت؟**

- نەخێر، ئیدارەی شارێكی وەكو كەركووك بەبێ پارێزگاری هەڵبژێردراو بەڕێوە ناچێت و دۆخەكە ئاسایی نابێتەوە، تا دۆخی كەركووك و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاسایی نەكرێتەوەو یاسا سەروەر نەبێتەوە، ئاسایشی شارەكە سەقامگیر نابێت و پرۆسەی تەعریب ڕاناوەستێت. ئەمانەش هەمووی نائارامی و ناسەقامگیری نەك تەنیا بۆ ئەم ناوچانە دەهێنێت، بەڵكو بۆ عێراقیش دروست دەكات. ناكرێت كوردی كەركووك ماڵی وێران بێت، تەنیا لەبەر ئەوەی سامانی نەوت لە ژێر خاكەكەیدا هەیە، ئەوانەشی دەستیان لەم ماڵوێرانییە هەیە، بە كەیفی خۆیان نەوت بفرۆشن.

*** ئایا ئێوە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك هیچ یاداشتنامەیەك و داواكارییەكتان بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق، یاخود نەتەوە یەكگرتووەكان و باڵیۆزخانەی وڵاتان بەرزكردۆتەوە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەكە؟**

- بەڵێ، وەكو سەرۆكی ئەنجومەنەكە و هەندێك لە ئەندامان یاداشتێكمان بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی كەركووك داوەتە سەرۆك وەزیران و بە حزب و لایەنە كوردستانییەكانیشمان داوە، بەڵام تائێستا لەلایەن عەبادییەوە هیچ وەڵامێكی نەبووە، ئێمە داوامان كردووە دۆخەكە بگەڕێندرێتەوە پێش ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر و پارێزگارو ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆكی ئەنجومەنەكە بگەڕێنەوە و دەست بە كۆبوونەوەكانی خۆمان بكەینەوە، خاڵێكی تر داوامان كردووە دۆسیێی ئەمنی و پاراستنی شارەكە بدرێتەوە سەرۆكی ئەمنی شارەكە و پۆلیسی پارێزگاكە و هەموو ئەو بڕیار و ڕەفتارانەشی بەبێ یاسا لەدژی كورد دەركراوە، ڕابگیرێت و هەرچی بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەكانی پارێزگاكەیە، دەبێت ئەنجومەنەكە بڕیاری لەسەر بدات، بەپێچەوانەوە دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە. بەڵام من وەكو ڕاوبۆچوونی خۆم پێموایە زەحمەتە سەرۆك وەزیرانی عێراق داخوازیی نوێنەرانی خەڵكی كەركووكی قبووڵ بێت و دیاردەی عەسكەرتارییەت و حەشدی شەعبی لە كەركووك كۆتایی بێ بهێنێت و پارێزگار و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكە دەست بەكارەكانی خۆیان بكەنەوە، چونكە ئەوان لەپێش ئۆپەراسیۆنی حەویجەوە پلانیان بۆ داگیركردنی كەركووك دانابوو، جێگای داخە كە كورد نێوماڵی یەك نەبوو، ئەوانیش سوودیان لەو لێكترازانە وەرگرت كە بە هۆی بەرژەوەندییەكانەوە تا دەهات ڕووی لە خراپبوون دەكرد، ئێمەش وەكو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك باش دەمانزانی ململانێ و ناكۆكیی نێوان حزبە كوردستانییەكان لە بەرژەوەندیی كەركووك و خەڵكەكەی نابێت، خاڵی سەرەكی سەركەوتنی گەلی كوردستان یەكڕیزیی نێوماڵی كوردە، پێویستە لەم بارودۆخە هەستیارەدا كێشەو گرفت و ململانێكان تێپەڕێنین لەپێناو گەڕانەوەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانماندا، بەپێچەوانەوە لەمەش خراپترمان بەسەر دێت، كاتی ئەوە هاتووە حكومەتی كوردستان لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران دانوستان و گفتوگۆ بكات و ڕازی بێت بەشێك لە نەوتی كەركووك بۆ ئەو وڵاتە بچێت، چونكە عێراق هیچ دەسەڵاتێكی نییەو لەژێر هەژموونی ئێرانەیە و ئەمریكا و بەریتانیاش لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان دۆخەكە ئاسایی ناكەنەوەو ئەوان بەرژەوەندیی زیاتری نەوتیان لەگەڵ عێراقدا هەیە.

*** وەك باستان كرد، بەردەوامبوونی ڕەوشی كەركووك بەمشێوەیە لە بەرژەوەندیی گەلی كورد نییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پرۆسەی تەعریب بە شێوەیەكی خێراتر و بەربڵاوتر دەستی پێكردۆتەوە. ئایا هیچ ئومێدێك ماوە بۆ ئەوەی بەغدا ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ بكات و كۆتایی بە كێشەو گرفتی داگیركردنی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بهێنێت؟**

- هەموو ئەو زانیاری و دیكۆمێنتانەی لەبەردەستماندایە دەیسەلمێنن كە تەعریبكردنی كەركووك بە پلانێكی تۆكمەو ئاراستەكراو دەستی پێكردۆتەوە، نەبوونی هێزی پێشمەرگەو

**لەپێش ئۆپەراسیۆنی حەویجەوە پلانیان بۆ داگیركردنی كەركووك دانابوو، جێگای داخە كە كورد نێوماڵی یەک نەبوو، ئەوانیش سوودیان لەو لێكترازانە وەرگرت كە بە هۆی بەرژەوەندییەكانەوە تا دەهات ڕووی لەخراپبوون دەكرد**

**زەحمەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق داخوازیی نوێنەرانی خەڵكی كەركووكی قبووڵ بێت و دیاردەی عەسكەرتارییەت و حەشدی شەعبی لە كەركووك كۆتایی بێ بهێنێت**

**ناكرێت كوردی كەركووك ماڵی وێران بێت، تەنیا لەبەر ئەوەی سامانی نەوت لەژێر خاكەكەیدا هەیە، ئەوانەشی دەستیان لەم ماڵوێرانییە هەیە، بە كەیفی خۆیان نەوت بفرۆشن**

هێزە ئەمنییەکانی کورد لە پارێزگایە تەعریبکردنەکەی خێراتر کردووە، ئەوەتا بێ ئەوەی عەرەبەکان عەقدی زەوی و زاریان هەبێت، دەگەڕێنەوە سەر زەوی و زارەکانیان، تەنانەت ئەوانەی تەعوزیشیان وەرگرتووە، ئێستا دەیانگەڕێننەوە. سەبارەت بە تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەش کە تایبەتە بەماددەی ١٤٠ ی دەستووری، بەڵێ، تەنیا بەجێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە دۆخی کەرکووك ئاسایی دەبێتەوەو چارەسەری زۆر لەکێشەکان دەکرێت، لەم رۆژانەشدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە کێشەی کەرکووك بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری یەکلا بکرێتەوە، بەڵام لە رووی کردارو رەفتارەوە دۆخەکە وانالێت، ئێستاکە تا دێت تەعریب خێراتر دەکرێت و دۆخەکە ئاسایی ناکرێتەوە، لێکترازانیش لەنێوان پێکهاتەی سەرەکیی پارێزگاکە دروست بووە.

*** پەرلەمانتارانی کورد لە زۆر بۆنەدا باس لەوە دەکەن کە پێویستە کێشەی کەرکووك و تەعریبکردنی پارێزگاکەو ئەو کارورەفتارانەی بەرامبەر خێزانە کوردستانییەکان لە کەرکووك و دووزخورماتوو روویانداوە، لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت، ئایا ئێوە تاچەند بەم هەوڵانە گەشبینن؟**

- زۆربەی پەرلەماندارانی عەرەبی سوننە و شیعەی عێراق بەرامبەر ماف و ئیمتیازەکانی گەلی کورد پرەنسیپی زۆرینە بەکار دەهێنن، تاوەکو هەرچی ئەو بڕیارو پڕۆژانەی لەدژی کوردە لەناو پەرلەمان تێپەڕێندرێت، ئەمە پەراوێزخستنی نەك تەنیا گەلی کوردە، بەڵکو پشتگوێخستنی هەموو پێکهاتەکانە و گەڕانەوەیە بۆ دواوە. من دڵنیام ئەگەر تەعریبی کەرکووك و گەمارۆ و سزای سەر گەلی کورد بەردەوام بێت، عێراق وەکو دەوڵەت هەڵدەوەشێتەوەو پارچە پارچە دەبێت، هەروەکو چۆن ماوەی ١٠٠ ساڵە بەهۆی ئەو عەقڵییەتەوە ئارامی و سەقامگیری لەم وڵاتە رووی نەداوە و بەردەوام لەناوخۆدا لەشەڕدا بووین، لەساڵی ١٩٧٠وە بەهۆی سامانی نەوتەوە کورد دەردەکرێن، بۆ نموونە لە ناوچەی سەرگەڕان کە نەوتی تێدایە و پێشتر سەر بەپارێزگای هەولێر بوو، لەلایەن عێراقەوە خرایە سەر پارێزگای کەرکووك، تەنیا بەمەبەستی تەعریبکردنی، هەندێك ناوچەی تری سەر بە کەرکووك خرایە سەر موسڵ و دیالەو سەلاحەدین.

*** بەغدا بەردەوام باس لەوە دەکات کە سوپاو میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە ناو سەنتەری شاری کەرکووك دوورخستۆتەوە، ئایا ئەم دەنگۆیانە تا چەند لە راستییەوە نزیکە؟**

- بوونی سوپاو چەکدارێکی زۆری حەشدی شەعبی لەناو شاری کەرکووك و پارێزگاکە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکە نییە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ و دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا ئەم مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە، ئەو هێزانە نامۆن بەشاری کەرکووك و خەڵك و پێکهاتەکەی، پێویستە بەپێی ماددە دەستوورییەکان و رێککەوتنەکانی پێشوو بەڕێوەبردنی مەلەفی ئەمنی بدرێتە پۆلیسی شارەکەو بەهاوبەشی نێوان سوپا و پێشمەرگە ئاسایشی دەرەوەی شارەکان بپارێزرێت، نەك بەپێچەوانەوە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مەلەفی ئاسایشی شارەکە بەڕێوەببرێت و دیاردەی عەسکەرتاریەت زیاد بکرێت.

*** لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە عێراق بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکە دەستی کردووە بە گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی کەرکووك، وەکو ئەندامی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئەم هەنگاوەی بەغدا تا چەند یاساییە؟**

- بەپێی ماددەی ١٢ی دەستوور دەبێت حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوت و ئەنجومەنی پارێزگا هەرسێکیان پێکەوە پلان و وێنەی سیاسەتی نەوت و دەرهێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی دابڕێژن، لەماوەی ٨ ساڵی رابردوودا هەرچی گرێبەستی نەوت هەیە لەلایەن عێراقەوە واژوو کراوە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنەکەی کەرکووك، هەربۆیە هەرچی گرێبەستێکی نەوت هەیە کە عێراق لەگەڵ کۆمپانیاکاندا واژووی کردووە، نادەستووری و نایاساییە، بەهیچ شێوەیەکیش ئاگاداری وردەکاریی رێککەوتنەکەو ژمارەکانی فرۆشتن و لایەنەکان نین کە دەستیان لەو رێککەوتنانەدا هەیە.

**دەبوایە بەغدا بە نووسراوی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگاکەی ئاگادار بکردایەتەوەو تێیدا ئاماژەی بەو هۆکارانە بکردایە کە بە هۆیەوە بڕیاری لادانی پارێزگار دەرچووە، هەربۆیە لابردنی پارێزگار مەسەلەیەکی سیاسییە و ئێمەش قبووڵمان نەکردووە**

**لێدوانەکانی لیستی تورکمانی و ئیسماعیل حەدیدی و جێگری پارێزگاری کەرکووک هەمووی ئەو راستییانە دەردەخەن کە شانە خەوتووەکانی داعش دەرکەوتوونەتەوەو دەستیان بەکاری تیرۆرستی کردۆتەوە**

**دۆخی ئاسایش و ئارامیی کەرکووک مەترسیدارە، کاری رفاندن و کوشتن و هەڵکوتانە سەرماڵی خەڵکی بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داناوە**

# ریسایکلینگ و پاراستنی ژینگە

لە سەردانێکدا بۆ ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکا لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی زۆری ئەوان بۆ گەشەپێدان بە وەزارەتی تازە پێکهێنراوی ژینگەی عێراق، وێڕای ئەزموونە کارگێڕی و دامەزراوەییەکانیان، ئەزموونی زۆریشیان لە بواری پاراستن و چاککردنی ژینگە و کەمکردنەوەی پیسکارە ژینگەییەکان هەبوو.

یەکێک لەو بوارانە، بواری چۆنیەتی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ زبڵ و خاشاك، کە دواتر چەند هەوڵماندا لە ساڵانی دواتردا کە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمدا پیادەی بکەین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش بایەخی ئەوتۆی پێ نەدراوە، چونکە هێشتا مەسەلەی ژینگەو مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە نەبۆتە خەمی سەرەکی لای خاوەنی بڕیار لە حکومەتدا.

بەپێی توێژینەوەیەکی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بە ناونیشانی: بەرەو ئابوورییەکی سەوز، کۆی زبڵ و خاشاکی جیهان لەساڵی ٢٠١٥دا گەیشتۆتە زیاتر لە ٨ ملیار تۆن، پێشبینییش دەکات لەساڵی ٢٠٥٠دا بگاتە ١٣ ملیار تۆن، بەڵام ئەگەر سیاسەت و سیستمی ئابووریی سەوز پیادە بکرێت، لەوانەیە بڕی زبڵ وخاشاك دابەزێت بۆ ٤ ملیار تۆن.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کۆی زبڵ و خاشاکی ماڵان ساڵانە دەگاتە تزیکەی ٢٥٤ ملیۆن تۆن، کە نزیکەی لە ٤٠٪ی ریسایکڵ دەکرێتەوە. لەساڵی ٢٠٠٣ کە سەردانی ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکام کرد، ئەوان ئاماژەیان بۆ بوونی زیاتر لە ٢٠٠٠ لاندفیڵ و شوێنی داپۆشینی زبڵ و خاشاك کرد لە ئەمریکا، کە لە نزیکەی ٢٥٠ لەو لاندفیڵانەدا غازیان لێ بەرهەم دەهێنرێت و دەکرێتە سەرچاوە بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا، کە بەشی ٧٠٠ هەزار ماڵ دەکات.

لە بەناوبانگترین لاندفیڵەکانیش لاندفیڵی پیونتی هێڵزە کە بە دووەمین لاندفیڵ دادەنرێت لە رووی قەبارەوە کە دەتوانێت ٥٠ مێگاوات کارەبا بۆ ٥٠ هەزار ماڵ دابین بکات. سەبارەت بە ریسایکلینگیش شاری فریسنو لە کالیفۆڕنیا نزیکەی ٥٠٪ی خاشاکی دووبارە دروست دەکاتەوە، لە هەوڵیشدایە رێژەی ریسایکلینگ بگەیەنێتە ٩٠٪، هەوڵیش هەیە بۆ گەیشتن بە چەمکی سفر خاشاك (زیرۆ وەیست).

زبل و خاشاك بریتییە لەگشت ئەو گواستراوە فڕێدراوانەی هەر شوێنێك، کە جێهێشتنیان زیان بە سەلامەتی و تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێت.

زبڵ وخاشاك : لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی، بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

١- خاشاکی ماڵان.

٢- خاشاکی کارگەکان.

٣- خاشاکی کێڵگەکان.

٤- پاشماوەی بیناکان.

پرۆسەی مامەڵەکردنیش لەگەڵ زبل و خاشاکدا، شەش هەنگاوی هەیە، وەك: چاودێریکردنی، کۆکردنەوەی، گواستنەوەی، چارەسەرکردنی، ریسایکلینگ، رزگاربوون لێی.

ئەمەش بە مەبەستی:

یەکەم: کەمکردنەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر ژینگەو تەندروستی و دیمەنی گشتی.

دووەم: دەستخستنەوەی دەرامەتەکان و دووبارە بەکارهێنان و دروستکرنەوە لێیان.

سێیەم: پاراستنی دەرامەتە دەست لێنەدراوەکان.

چوارەم: کەمکردنەوەی زبل و خاشاك.

پێنجەم: دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ.

دووبارە دروستکردنەوەی مادده بەکارهاتووەکان خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی گەورە بوو بۆ کەمکردنەوەی بڕی مادده فڕێدراوەکان و پاشماوەکان، چونکە چەمکێکی نوێی داهێنرابوو بۆ بەڕێوەبردنێکی تەواوکار لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکاندا، کە جاران تۆنیا بە رێگەی سووتان لە کۆڵ دەکرایەوە، ئەوەش چەندین گرفتی ژینگەیی دیکەی بەدوای خۆیدا دەهێنا، یان بە شێوازی لەچاڵنان بەشێوەیەکی زۆر سادەو سەرەتایی بوو، کە ئەمیشیان گرفتی ژینگەیی تری بەدواوە بوو.

بەداخەوە لە وڵات و هەرێمی ئێمەدا هێشتا کار بە یەکێك، یان هەردوو ئەو شێوازە سەرەتاییانە دەکرێت.

ئێمە ئەگەر بڕوانینە وڵاتانێك کە هەندێکیان نزیکن لە خۆمانەوە و زۆریش لە ریزی وڵاتانی پێشکەوتوودا نین، بەڵام لەبواری دووبارە دروستکردنەوەدا هەنگاوی گەورەیان



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

ناوەو، ساڵانە بڕێکی زۆری ئەو پاشماوانە دووبارە دروست دەکەنەوە.

دووبارە دروستکردنەوە بەچەند هەنگاوێك دەبێت، لەوانە:

کۆکردنەوەی پاشماوەکان، پاشان جیاکردنەوە و ئینجا مامەڵەکردنی بە ماددەی جۆراوجۆر، دواجار دووبارە دروستکردنەوە.

بڕی ماددەی پاشماوەکان ئەگەر بەپێی ئەو هاوکێشەیە لێی بڕوانین کە هەر تاکێك ڕۆژانە نزیکەی (١,٥)کیلۆ گرام لەماددەی پاشماوە بەجێدەهێڵێت، ئەوا دەتوانین بزانین ساڵانە لەسەر ئاستی شارێك، هەرێمێك، وڵاتێك چەند ملیۆن تۆن لەو ماددانە بەجێ دەمێنن.

ئەگەر بەشێوەی ڕێژەی سەدی لەبڕی ئەو ماددانە بڕوانین، ئەوا دەبینین ڕێژەیان بەم شێوەیە:

٤٠٪ ماددە ئۆرگانییەکان ٢٠٪ کاغەزو کارتۆن، ١٥٪ پلاستیك ٧٪ ماددە کانزاییەکان ٥٪ شووشە ٤٪ قوماش و چنراوەکان ٩٪ ماددەی تر.

ئەگەرچی ماوەیەکە لێرەو لەوێ باس لە دانانی بەردی بناغەی کارگەی ریسایکلینگ دەکرێت، بەڵام پێویستە پەلە بکرێت لەم کارەدا بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئەم ماددانە، بەتایبەت کە ئێستا لەسایەی زۆربوونی دانیشتووان و زۆرتر بەکاربردنی شتومەکی ئامادەکراودا، ساڵانە بڕێکی زۆری ئەو پاشماوانە بەجێدەمێنن.

ئەمە لەکاتێکدا کە دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین کە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی ماڵان و دوکان و کۆگا بازرگانییەکان زۆر زەحمەتترە لەهی کارگە پیشەسازییەکان، چونکە هی ماڵان و کۆگاکان لە ڕووبەرێکی پەرش و بڵاودایەو، هەرچی هی کارگەکانە لەیەك شوێندایە.

سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەش کە شارەوانییەکان بەکاری دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك، ئەوە گرنگە کە ژمارەیان زیاتر بکرێت، مۆدێل و جۆرەکانیان پێشکەوتووتر بن.

ئەوەی گرنگە لێرەدا کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکە بە ڕێکوپێکی، بەڵام لەمە گرنگتریش چۆنیەتی داپۆشینی ئەم زبڵ و خاشاکەیە لە شوێنی تایبەت و تەندروست و دیاریکراودا.

لە ڕووی زانستییەوە داپۆشینی تەندروست بۆ زبڵ و خاشاك بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

قۆناغی یەکەم: هەڵبژاردنی چەند شوێنێك بەپێی چەند ڕێنماییەك.

قۆناغی دووەم: لێکۆڵینەوە لە شوێنە دیاریکراوەکان و هەڵبژاردنی باشترینیان.

قۆناغی سێیەم: دانانی وردەکاری پێویست بۆ دیزاینکردنی شوێنەکە بە باشترین شێوە. هەروەها شوێنی داپۆشینی زبڵ و خاشاك، لەسەرەتاوە پێویستە کۆمەڵێك داتاو زانیاریی وردی لەبارەوە کۆبکرێتەوە، وەك:

یەکەم: تۆبۆگرافیای ناوچەکەو بەرزی و نزمییەکەی .

دووەم : دووری، یان نزیکی لە ڕووبار و ناوچەی تەڕ و شێدار.

سێیەم: دووری و نزیکی لە ڕێڕەوی ئاوەڕۆی شار.

چوارەم: زانینی جۆری زبڵ و خاشاکەکە ئایا لەجۆری ترسناکە، یان ئاساییە؟

خاڵێکی دیکەی گرنگ سەبارەت بەم باسە ئەوەیە کە ئیدی باوی ئەو دەستەواژەیە نەماوە لەم سەردەمەدا، کەجاران دەگوترا پێویستە زبڵ و خاشاك لە شوێنێك فڕێ بدرێت دوور لەشار، چونکە ئەمڕۆ:

یەکەم: بەهیچ شێوەیەك ڕێگەنادرێت زبڵ و خاشاك بەبێ داپۆشین و لەچاڵنان لەسەر زەویدا فڕێ بدرێت.

دووەم: ئەمڕۆ شوێنێك نەماوە بەناوی دوور، چونکە ئەو شوێنەی لە شارێکەوە دوورە، بەڵام هەمان شوێن لە شارۆچکەیەکی دیکەوە نزیکە و زیان بەدانیشتووانی ئەو شوێنە دەگەیەنێت.

سێیەم: پێویستە لە ڕێگەی ریسایکلینگەوە ئەم بڕە زۆرەی زبڵ و خاشاکە دووبارە بەکارهێنان و دروستکردنی بۆ بکرێتەوە.

چوارەم: ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، زبڵ و خاشاك یەکسانە بە (پارە)، بۆیە هەر لەبەر دەرگای ماڵەکانەوە لە بۆکسی ڕەنگ جیاوازدا جۆرەکانی زبڵ و خاشاك جیا دەکرێنەوەو دووبارە دروست دەکرێنەوە و بەکاردەهێنرێنەوە.

بۆیە ئێستا لە جیهاندا بابەتی داپۆشینی تەندروست بۆ زبڵ و خاشاك، یان دووبارە بەکارهێنان و دوبارە دروستکردن لێیان و دووبارە بەکارهێنانی زۆرێك لە دەرامەتە بەکارهاتووەکانی دیکەش، بۆتە زانستێکی تایبەت و پێویستە لای ئێمەش قسەی زیاتری لەبارەوە بکرێت.



دیانە سینگەرمان پرۆفیسۆرە لە سکوڵی کاروبارە گشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن دی سی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند بوارێکی گرنگ دەدات، وەك سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نافەرمی و بەشداری سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە سەر ئاستی خوارەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ شرۆڤەکردنی پرسی گۆڕانکاریی سیاسی جەماوەری و کێشەی بوارنەدان بە پەرەسەندنی دامەزراوەکان و ئەو کێشە بونیادی و ریشەییانەی کە بەرۆکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، لەگەڵ تەرکیزکردنێکی تایبەت لەسەر رووداوەکانی بەهاری عەرەبی. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیانە سینگەرمان

پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دوای بەهاری عەرەبی سەرکوتکاری زیاتر بوو لە کاتێکدا ناوچەکە پێویستی بە سازشکردنی پترە

*** ئێوە کەسێکی تایبەتمەند و شارەزان لە بواری گۆڕانکاریی سیاسی جەماوەری و هەروەك دەزانین رووداوەکانی بەهاری عەرەبی گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە بوون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تەنانەت ئەم گۆڕانکارییانەش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرناکێشن بۆ هێنانەئارای حوکمڕانیی باش و فەراهەمکردنی ئازادی بۆ خەڵك؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، ئەگەر ئێمە لە تێکڕای رەوشەکە بڕوانین، ئەوا دەبینین لە هەندێ وڵات گۆڕانکاری روویدا، بۆ نموونە، ئێمە هەندێ گۆڕانکاریی ئیجابیمان بەدیکرد لە وڵاتی تونس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەو کێشانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو رووداوانەی کە لەئارادا ماون و بگرە خراپتریش بوون. هەروەها دەبێت ئێمە لەو رووەوە ئاماژە بە بوونی هاوپەیمانێتی دەرەکی و هەندێ رێکاری ناوخۆیی بکەین لە وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا، کە بوونە هۆی ئەوەی هەندێ گرووپ دوچاری هەڕەشە ببنەوە و هەندێ لە گرووپەکانی پێشووتریش کۆنترۆڵی دۆخەکە بگرنەوەدەست، کە ئێمە بینیمان دەسەڵاتی سەربازی بەهێز کرایەوە لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش جێی داخە. دوای ئەوە دەبێت ئەو راستییەشمان لەبەرچاو بێت کە لە پێش رووداوەکانی بەهاری عەرەبی رەشبینییەك باڵی بە سەر رەوشەکەدا کێشابوو، کە ئومێدێك نەبوو بە گۆڕانکاری لە بواری سیاسیدا، بەڵام دواتر نارەزایەتییەکان لەسەر ئاستێکی بەربڵاو گوزارشتیان لێکرا، کە دەبێت ئێمە لە روانگەیەکی درێژخایەنەوە لەوە بڕوانین کە چۆن کار بۆ سازدان و جۆشدانی ئەم نارەزایەتییانە کرا و چۆن سەرکوت کران. چونکە ئەگەر بەهاری عەرەبی زۆر سەرکەوتوو نەبووبێت لە گۆڕینی رژێمەکاندا، ئەوا دەبێت لە دەرئەنجام

**ئەوەی لە ناوچەکەدا بەدی دەکەین سەرکوتکاریی زیاتر و نائیبووردەیی زیاترە، لە کاتێکدا کە دەبێت کار لەسەر گیانی سازشکردن بکرێت**

**ئومێد دەکەم کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت لەبارەی ناوچەکەوە و پتر بایەخ بە کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ بدات، ئەگەرچی پێشبینی ئەوە ناکەم کە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئەمە رووبدات**

**لە ئێستادا ئەوروپییەکان پتر سەرقاڵن بە پرسی سنوورەکانی خۆیانەوە، نەک بە هاوکاریکردنی ئەو خەڵکانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەیانەوێت گۆڕانکاریی سیاسی بکەن**

**لە ئێستادا دۆخێک خوڵقاوە کە رژێمەکان بە ئاسانی دەتوانن پەنا بۆ سەرکوتکاری ببەن، ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم کە پێشتر سەرکوتکاری نەبووە، بەڵکو لە ئێستادا لە هەندێ وڵات خراپتر بووە، بە بێ ئەوەی کەسیش لە بەرامبەریدا گوزارشت لە بەرهەڵستیی خۆی بکات**

و دەرهاویشتەکانی دیکەی بڕوانین، وەك ئەو ئاڵوگۆڕی هێزەی کە لەسەر ئاستی ناوچەیی روویداوە، لەگەڵ گۆڕانکاری لە هاوپەیمانێتییە ئیقلیمییەکاندا، بە هەمان شێوە دەبێت لە شەڕە ناوخۆییەکان بڕوانین، ئیدی شەڕی ناوخۆیی سووریا بێت، یان یەمەن، یاخود شوێنەکانی دیکە، کە ئەوانەش بە ئاکام و دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبی لێك دەدرێنەوە.

*** باشە بۆچی دەبێت گۆڕانکاری لە خوارەوەڕا ئەنجام بدرێت؟ ئایا ئەمە دەرئەنجامی وشکهەڵاتنی دامەزراوەکانە کە ناتوانن پێ بە پێی پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکاری لە خۆیاندا بکەن؟ ئایا هۆکارەکە ئەوەیە کە ئومێدێك بە دامەزراوەکان نەماوە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەوەی ئێمە چۆن لە دامەزراوەکان و لە شێوازی رێکخستنیان دەڕوانین، چونکە ئەوە راستە کە لە مەغریب و تونس و ئەردەن و چەند وڵاتێکی دیکە بوار بە پەرەسەندنی دامەزراوەکان نەدراوە، بۆ نموونە، رێگە بە خەڵکی نادرێت پارتی سیاسی دروست بکەن، بواریان پێنادرێت کۆبوونەوە بکەن و دەرفەتی ئەوەیان پێنادرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان دەرەکی دارایی کۆبکەنەوە، واتە کۆمەڵێك سنووربەندی هەیە و لە کاتی نارەزایەتی دەربڕیندا خەڵکی دوچاری زیندانیکردن دەبنەوە، ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت کە خەڵکی نەتوانن پەرە بە سەرکردایەتی بدەن. هەروەها هەندێ کەس دەڵێن سەرکەوتنەکە زۆر بە خێرایی بەدەست هات، ئەگەرچی روون نەبوو کە کێ جڵەوی ئەو نارەزایەتییانەی لەدەست بوو، هەندێ کەس لە رۆژئاواش زۆر بە خێرایی پشتیوانییان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کرد، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرانی پێشووی رژێمەکان توانییان ئەو هەڵبژاردنانە تێك بدەن و ساختەکاری تێدا بکەن، چونکە ئەو هێزانەی نارەزایەتییان دەربڕی، خاوەنی ئەزموونێکی زۆر نەبوون لە سەرکردایەتییەکی کارا و بواری ئەوەیان نەبووە پەرە بە سیاسەتەکانیان بدەن، هەرچۆنێك بێت زۆرێك لەو کێشانەی بوونە پاڵنەری نارەزایەتی دەربڕین وەك بێکارییەکی بەربڵاو و نەبوونی ئابوورییەکی بەهێز مایەی تەحەددی بوون، کە تەنانەت هێزە نوێیەکانیش دوچاری دژواری بوونەوە لە دارشتنی سیاسەت و ستراتیژیەتێکدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەدا. کەواتە چەندین تەحەددی گەورە هاتنەرێگای ئەو هێزە هەڵکشاوانە، دوای ئەوە هەر سیاقێك کێشە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە ئەوەی لە بەحرەین و سووریا روودەدات، هەمان ئەو کێشانە نین کە مەغریب، یان میسر بە دەستیانەوە دەناڵێنن، بۆ نموونە بەحرەین لە نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوە و ئێمەش دەزانین کە سعودیە هێزی رەوانەی ئەو وڵاتە کرد، کەواتە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەوەی لەم وڵاتانەدا روودەدات، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە گوڕوتین و ئومێدمان بەدی کرد بۆ ئەگەری هێنانەئارای گۆڕانکاری.

*** کەواتە دروستە بڵێین یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی ئەو هەوڵانە، نەبوونی سەرکردایەتییەکی کارا بوو؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئێمە سەرەتا دەستنیشانی ئەوە بکەین کە باس لە چ وڵاتێك دەکەین، چونکە ئەگەر ئێمە لە وڵاتی میسر بڕوانین، ئەوا ئیخوان موسلمین زۆر بەهێز بوو، توانیشی سوود لە گۆڕانکارییەکە وەربگرێت، ئەگەرچی خوڵقێنەرو دروستکەری گۆڕانکارییەش نەبوو، بەڵام خاوەنی سەرکردایەتییەکی بەهێزی مەرکەزی بوو، هەموو ئەمانەش فریای نەکەوتن لە کۆتاییدا. هەروەها لە تونس باس لەوە دەکرێت کە سەرکردایەتییەکی بەهێز و کارا هەبوو، وەك سەرکردایەتیی بزووتنەوە کرێکارییەکان لەو وڵاتەدا، هەروەها سەرکردایەتی لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیشدا هەبوو کە توانییان دۆخەکە ئاراستە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە چۆن نارەزایەتی دەربڕینەکان و چۆن کۆمەڵگەی مەدەنی کۆنترۆڵکران لە زۆرێك لەو وڵاتانەدا، هەروەها ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تا چەند ئەنجامدانی ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە قورس و دژوار بوو. بۆ نموونە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی لە سعودیە، یان قەتەر چۆنە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ هەندێ وڵاتی دیکەدا هەیە؟

*** باست لەوە کرد کە زۆرێك لەو کێشانەی بوونەتە هۆی هاتنەئارای بەهاری عەرەبی ئێستاش لە ئارادا ماون و بگرە خراپتریش بوون، کەواتە دەتوانین لەم روانگەیەوە ئێستاش ئەگەری**

**دروستبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان لەئارادان، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەم دواییەدا لە تونس روویدا؟**

- من دەڵێم هەمیشە ئەو ئەگەرە لەئارادایە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین ئەوەیە کە رژێمەکان دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە و دەستیان داوەتەوە سەرکوتکاری، هەروەها خەڵکی ترس و نیگەرانی لە دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و لە دروستبوونی بۆشایی سیاسی هەیە، چونکە ئەوان شەڕی ناوخۆیی سووریایان لەبەرچاوە وەك یەکێك لە ئەگەرەکان. دوای ئەوەی لە ئێستادا نابینین کە ئەوروپا، یان ئەمریکا چیتر باسی مافەکانی مرۆڤ بکەن و هیچ کەسێك ئێستا بایەخ بەوە نادات، ئایا چەند کەس زیندانی کراون، مەبەستم ئەوەیە لە ئێستادا دۆخێك خوڵقاوە کە رژێمەکان بە ئاسانی دەتوانن پەنا بۆ سەرکوتکاری ببەن، ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم کە پێشتر سەرکوتکاری نەبووە، بەڵکو لە ئێستادا لە هەندێ وڵات خراپتر بووە، بە بێ ئەوەی کەسیش لە بەرامبەریدا گوزارشت لە بەرهەڵستیی خۆی بکات.

*** باشە پێتوانییە هێزە دەرەکییەکان بتوانن بەشدارییەکی ئیجابی و بنیادنەر بکەن لە چارەسەرکردن، یان هێورکردنەوەی دۆخی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە شەڕەکان بوەستێنرێن و دۆخێکی تا رادەیەك ئارام بۆ ئەم وڵاتانە بگەڕێتەوە؟**

- بەڵێ، هەمیشە ئەم ئەگەرە هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چیتر ئەمریکا ئەم رۆڵە نابینیت و پاشەکشەی کردووە لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەم ناوچەیەدا، هەروەها ئەمریکا سیاسەتی خۆی گۆڕیوە لە ئاست ناکۆکی ئیسرائیل فەلەستیندا، وەك بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە ئیسرائیل بۆ قودس. هەر لەبەر ئەوەشە کە پێموایە چیتر زۆر کەس لە ناوچەکەدا بە سەرسامییەوە لە ئەمریکا ناڕوانن. هەروەها لە ئێستادا ئەوروپییەکان پتر سەرقاڵن بە پرسی سنوورەکانی خۆیانەوە، نەك بە هاوکاریکردنی ئەو خەڵکانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەیانەوێت گۆڕانکاریی سیاسی بکەن.

*** ئەگەر لە روانگەی ئەو وەسفەوە کە بۆ بارودۆخەکەتان کرد لە ئایندەی ئەم ناوچەیە بڕوانین، چ پێشبینییەکمان لا دروست دەبێت؟ ئایا دەکرێت گەشبین و ئومێدەوار بین، یاخود هیوایەك بە باشتربوونی باردۆخەکە نەماوە؟**

- بە بۆچوونی من هێشتا یادەوەریی ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینانە و ئەو ئەزموونە بایەخی خۆی ماوە لای زۆرێك لە خەڵك، بەڵام هێشتا چەندین هێز لەئارادان کە دژیانن، بەداخەوە من زۆر گەشبین نیم لەبارەی هاتنەئارای گۆڕانکارییەوە. من ئومێد دەکەم کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت لەبارەی ناوچەکەوە و پتر بایەخ بە کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ بدات، ئەگەرچی پێشبینی ئەوە ناکەم کە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئەمە رووبدات. لەلایەکی دیکەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هێشتا کێشەکانی بێکاری و رەوشی ناهەمواریی ئابووری لەئارادان. پەرەسەندنێکی دیکە کە جێی بایەخە و پێمخۆشە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە لە ئێستادا سعودیە و هەندێ لە وڵاتانی دیکەی کەنداو جێی ئەمریکایان گرتۆتەوە لە دەستەبەرکردنی هاوکاریی دەرەکی و پشتیوانی بۆ هەندێ لە رژێمە موحافیزکارەکان لە ناوچەکەدا، بۆیە بەداخەوە ناتوانم زۆر گەشبین بم.

*** باشە ئایا ناتوانین تەنانەت ئەزموونی تونسیش بە سەرکەوتوو بزانین و وەك مۆدێلێکی کارا لێی بڕوانین؟**

- من خۆم کەسێکم باوەڕم لەبەرچاوگرتنی سیاقە ناوخۆییەکە و هەندێ فاکتەری دیاریکراو هەیە، ئێمە دەزانین کە بەهاری عەرەبی بە چەندین وڵاتدا بڵاو بۆوە و راستە ئەوەی لە تونس روویدا گۆڕانکارییەکی ئیجابی بوو، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هێشتا زۆرێك لە کێشە بونیادییەکانی پێشوو چارەسەر نەکراون، هەروەها زۆر کەس پێیانوایە هۆکاری سەرکەوتنی ئەزموونی تونس سازشکردنی بزووتنەوەی نەهزە و بوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کرێکاری بوو، ئەمە لە کاتێکدا لە زۆرێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو بزووتنەوەیە سنووردار کرابوو، لەبەر ئەوە مەرج نییە ئەزموونی تونس بکرێتە مۆدێلێك بۆ وڵات و شوێنەکانی دیکە. هەروەها ئەوەی لە ناوچەکەدا بەدی دەکەین سەرکوتکاریی زیاتر و نالێبووردەیی زیاترە، لە کاتێکدا کە دەبێت کار لەسەر گیانی سازشکردن بکرێت.

له ئێستادا نابینین كه ئەوروپا، یان ئەمریكا چیتر باسی مافەكانی مرۆڤ بكەن و هیچ كەسێک ئێستا بایەخ بەوە نادات، ئایا چەند كەس زیندانی كراون

رژێمەكان دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە و دەستیان داوەتەوە سەركوتكاری، هەروەها خەڵكی ترس و نیگەرانی له دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و له دروستبوونی بۆشایی سیاسی هەیە

ئیخوان موسلمین زۆر بەهێز بوو، توانیشی سوود له گۆڕانكارییەكه وەربگرێت، ئەگەرچی خوڵقێنەرو دروستكەری گۆڕانكارییەش نەبوو، بەڵام خاوەنی سەركردایەتییەكی بەهێزی مەركەزی بوو، هەموو ئەمانەش فریای نەكەوتن له كۆتاییدا